# نەوژین

ژمارە (٣٣) ئابی ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




ژنان لە کایەی سیاسی و حزبی دا خاوەنی بریاری تەواو نین

4««

# (64%)ی ژنانی فەرمانبەر لەگەرمیان: دەرفەتی پێدانی پۆست بە ئێمە کەمترە

▪ نەوژین

**راپرسیەکی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ ئاشکرای دەکات کە زۆرینەی فەرمانبەرانی ژن لە سنوری گەرمیان، رایانوایە دەرفەتی وەرگرتنی پۆست و پلە فەرمیەکان بۆ ئەوان کەمترە.**




لەو راپرسیەدا کە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەنجامدراوە، رای (١٠٠) ژنی فەرمانبەر لە (٨) فەرمانگەی جیاوازی سنورەکە وەرگیراوە و تیایدا وەڵامی شەش پرسیاریان داوەتەوە.

بەپێی راپرسیەکە، ٦٤٪ژنانی گەرمیان وایدەبینن چانسی ئەوان بۆ وەرگرتنی پۆست بەبەراورد بە پیاوان کەمترە.

لە پرسیارێکی دیکەدا ئەوە روبەڕوی بەشداران کراوەتەوە کە تاچەند تواناکانی ئەوان لە فەرمانگەکانیان بەهەند وەردەگیرێت، لەوەڵامدا ژنان بە رێژەی ٤٦٪ رایانوایە کە توانایان بە کەم دەزانرێت لە لایەن بەڕێوبەر و بەرپرسانی بەش و هۆبەکانەوە، هەروەک ٣٨٪ وایدەبین بەڕێوبەر و لێپرسراوی بەشەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان توانای ئەمان وەک ژن لەگەڵ فەرمانبەرانی پیاو دا، ١٥٪ بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە و ١٪ یش وەڵامەکەیان ئەوەیە کە توانای پیاوان بە کەم دەزانن.

رێناس ساڵەح، رێکخەری یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ و سەرپەرشتیاری راپرسیەکە، لەوبارەوە وتی: ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی فەرمانبەرانی ژن لە گەرمیان دا لەبەردەست نیە، بەڵام پێدراوەکان ئاماژە بەوەدەکەن رێژەی ئەو ژنانەی پۆستی باڵای حکومییان لە سنورەکەدا هەیە، زۆر کەم و دیارییکراوە، ئەمەش شۆڕبوەتەوە بۆ ناو بەش و هۆبەکانیش، بۆ ئەوەی بزانین ژنان تاچەند بەشداریی فیعلین لە بڕیار و پلان و پرۆژە حکومیەکان دا و تاچەند جیاکارییان لەبەرامبەردا دەکرێت بەهۆی لایەنی رەگەزییانەوە، راپرسیەکمان ئەنجامداوە.

رونیشیکردەوە: بەپشت بەستن بە شیتەڵی راپرسیەکە، وایدەبینن کە بنەمایەکی یەکسان و عادیلانە نیە بۆ پێدانی پۆست و پلە بە ژنانی فەرمانبەری گەرمیان، ئەمەش نەنگیەکی بەرچاوە لە ئیدارەی سنورەکە، بۆیە دەبێت لە دەستنیشانکردنی بەڕێوبەری دەزگاکان و دانانی بەرپرسانی بەش و هۆبەکان دا رەچاوی باڵانس و هاوسەنگیی رەگەزی بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد کە ژمارەیەک راسپاردەیان لە کۆتایی راپرسیەکەدا خستوەتە بەردەم حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش: پێشنیاز دەکەین فەرمانگەکانی سنورەکە رێژەیەک دیاریی بکەن بۆ پۆستەکان لەسەر بنەمای رەگەز، وەکچۆن «کۆتا» و رێژەی تایبەت بە ژنان هەیە لە پارلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دا، ئەواش لە حکومەت دا رەچاوی ئەمە بکرێت و کار بەم بنەمایە بکرێت.

لە لاپەڕە (٢) دا راپۆرتێکی تێروتەسەل لەبارەی راپرسیەکەوە دەخوێنیتەوە.



4 کچ دەیانەوێت ببنە ئاسنگەر

5««



بۆچی هاوسەرگیری نێوان خزمان خراپە؟

8««



بەردی زراو، ئەو نەخۆشیەی ژنان زۆرتر توشی دەبن

10««

## لە دەربەندیخانەوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق

7««





## کچێک لە رزگاریی «نیڤا مۆدە» دەکاتەوە

5««

# فەرمانبەرانی ژن لە گەرمیان هەست دەکەن پلە دون

■ نەوژین

**بە پێی ئەنجامی راپرسیەکی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی «NED»، ٦٤٪ژنانی گەرمیان وایدەبینن کە چانسی ئەوان بۆ وەرگرتنی پۆست بەبەراورد بە پیاوان کەمترە، هەروها ژنان جەخت لەوەدەکەنەوە لەلایەن بەڕێوبەر و بەرپرسانی دەزگاو بەشەکانی فەرمانگەکان توانای ژنان بە کەم دەبینرێت.**



وەڵامی پرسیاری یەکەم

راپرسیەکە لەرێگەی فۆرمی چاپکراوەوە بوە، بەشێوەیەک لە راپرسیەکەدا ١٠٠ فۆرم لە (٥) بەڕێوبەرایەتی گشتی (گەشتوگوزار، شارەوانیەکان، چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ و رۆشنبیری و هونەر) و (٢) بەڕێوبەرایەتی (چاودێریی بازرگانی و ئاوی دەوروبەری گەرمیان) و (١) فەرمانگە (ژینگەی گەرمیان) پڕکراوەتەوە، زەمینەی وەڵامدانەوەی نهێنی و بەبێ فشار بۆ هەمو بەشداران رەخسێنراوە بە هاوکاری دەزگاکانیان.

لەم راپۆرتەدا پوختەی راپرسیەکە و وەڵام و دەرئەنجامەکان دەخەینەڕو و شیتەڵی کۆتایی راپرسیەکە و راسپاردەکانیشی وەک یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ رایگەیاندوە، دەخەینەڕو.

دەرئەنجامی راپرسیەکەش بەم شێوەیەیە:

**پرسیاری یەکەم: تاچەند هەست بە جیاکاری رەگەزیی دەکەیت لە دەزگاکەت دا؟**

بە پێی ئەو وەڵامانەی کە دراونەتەوە دەردەکەوێت هەڵبژاردەی «هیچ» جیاوازیەک هەست پێناکەن بە رێژەی ٣١٪ وەڵامی زۆرینەی ژنانی فەرمانبەری بەشداری راپرسیەکە بوە، لە بەرامبەریشدا ٢٠٪ ژنان هەست بە جیاوازیەکی «زۆر زۆر» دەکەن، لەگەڵ ١٧٪ ژنان کە هەست بە جیاوازی «زۆر» دەکەن. هەروەک بژاردەی «کەم» ١٨٪ ی وەڵامەکان و بژاردەی «مامناوەند» ١٤٪ ی وەڵامەکانیان پێکهێناوە.

لە دەرئەنجامی ئەم خاڵەدا دەگەینە ئەو وەڵامەی کە زۆرینەی ژنانی فەرمانبەر هەست بە بونی جیاکاریی رەگەزیی دەکەن لە دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان، بەشێوەیەک لەکاتی خوێندنەوەی گشتی بۆ وەڵامەکان ئەگەر کۆی جیاوازی هەستپێکراو لە نێو دەزگاکانی حکومەت پۆلێن بکەین بە شێوەی گشتی دەبین رێژەی هەستکردن بە جیاوازیە رەگەزیەکان ٦٩٪ دەبێت لە بەرامبەریشدا ٣١٪ هەست بە هیچ جیاوازیەک ناکەن.

**پرسیاری دوەم: تاچەند پێتوایە ئەگەر «نێر» بویتایە پۆست و پلەی زیاترت لەوەی ئێستا هەتە بۆ دەستەبەر دەبو؟**

دەرئەنجامی ئەم پرسیارە هەڵبژاردەی «زۆرزۆر» تۆپی راپرسیەکەیە واتە رێژەی ٣٠٪ ی ژنانی بەشداربو پێیانوایە ئەگەر پیاو بونایە پۆست و پلەی زیاتریان دەبو، لەبەرامبەریشدا ٢٩٪ ژنانی بەشداربو ژنبونیان نەکردوەتە پێوەری وەرنەگرتنی پۆست و پلەی بەرزتر. هەروەک وەڵامی «زۆر» بۆ پرسیارەکە ١٨٪ ە و «کەم» ١٤٪ ە و «مامناوەند» ٩٪.

لە دەرئەنجامی پرسیاری دوەم دەگەین بەو وەڵامەی کە ژنانی فەرمانبەر پێیانوایە ئەگەر لە رەگەزی بەرامبەر بونایە، ئەوا دەرفەتی وەرگرتنی پۆست و پلەیان زیاتر دەبو، بەشێوەیەک رێژەی ٧١٪ ژنان لەنێو دەزگاکانی حکومەت گریمانەیان داناوە بە شێوەی زۆر و کەم کە ئەگەر لە رەگەزی «نێر» بوبایەن، ئەوا دەسەڵاتی زیاتر و پۆستی باڵاتریان دەبو لەوەی کە ئێستا وەک ژن هەیانە، لەبەرامبەریشدا ٢٩٪ ژنان وای دەبینن کە ژن بون نەبوەتە هۆکاری ئەوەی کە پۆست و پلەی باڵاتر وەربگرن.

**پرسیاری سێیەم: ئایا رویداوە خۆت یان هاوڕێکەت بەهۆی ژن بونەوە لە پۆست و پلەی ئیداری بێبەش کرابن؟**

لە ئەم خاڵەدا ئەوە دەرکەوتوە کە نیوەی ژنانی بەشدار بو بە رێژەی ٥٠٪ وەک شەخسی خۆیان ئەوەیان بەسەردا نەهاتوە بێبەش کرابن لە پۆست و پلەی ئیداری بەهۆی ژنبونیانەوە، لەبەرامبەریشدا ١٥٪ بەشداربوان هەڵبژاردەی «زۆرزۆر»یان هەڵبژاردوە، واتا ئەوەیان خستۆتە رو کاتێک داوای پۆست و پلەی ئیداریان کردوە بەهۆی ژنبونەوە بێبەشکراون. هەروەک ١٤٪ بە «کەم» و ١١٪ بە «مامناوەند» و ١٠٪ بە بژاردەی «زۆر» وەڵامیانداوەتەوە.

لە دەرئەنجامی وەڵامەکانی پرسیاری سێیەم دەگەین بەو وەڵامەی نیوەی ژنانی بەشداربو پێیانوایە کە بەهۆی ژن بونەوە لە وەرگرتنی پۆست و پلە بێبەشکراون. بەشێوەیەک لە شیتەڵی وەڵامی پرسیاری سێیەم دا، لەکاتی بەراوردکردنی گشتی دا دەبینین ژنانی بەشداربو بە رێژەی ٥٠٪ پێیانوایە رەتکردنەوەیان «هیچ» پەیوەندی بە ژن بونیانەوە نەبوە، بەڵام بەهەمان رێژەی ٥٠٪ پێیان وابوە ژن بون «زۆر زۆر» یاخود تاڕادەیەکی» مامناوند و کەم» هۆکار بوە بۆ رەتکردنەوەیان لە کاتی داواکردنی پۆست.

**پرسیاری چوارەم: تاچەند ژنان دەرفەتیان هەیە پۆست و پلەی حکومی وەربگرن؟**

ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی گشتی ئاراستە کراوە، لە دەرئەنجامەکەیدا دەبینین ٣١٪ ژنان وەڵامی «هیچ» دەرفەتێکیان پێنادرێت هەڵبژاردوە، لەگەڵ ١٨٪ کە پێیانوایە تاڕادەیەکی «کەم» ژنان دەرفەتیان پێدراوە پۆست و پلەی حکومی وەربگرن. بە پێچەوانەوە ٢٠٪ ژنان رایان جیاوازە و وایدەبینن ژنان دەرفەتی «زۆرزۆر»یان پێدراوە بۆ وەرگرتنی پلەو پۆست، هەروەک ١٧٪ وایدەبینن دەرفەتپێدانەکە «زۆر»ە و ١٤٪ پێیانوایە «مامناوەند»ە.

دەرئەنجامی خاڵی چوارەم ئەوە دەگەیەنێت ژنان بەگشتی وایدەبینن کە کەمتر دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستە پۆست و پلەی حکومیی وەرگرن، لەکاتی خوێندنەوەی گشتی بۆ ئەنجامی خاڵی چوارەم لە راپرسیەکەدا دەبینین بە رێژەی ٤٩ ٪ ژنانی بەشداربو رایانوایە ژنان «هیچ» یاخود «کەم» دەرفەتیان پێدەدرێت بۆ وەرگرتنی پلەو پۆست، بەڵام ٣٧٪ بەشداربوان پێیانوایە ژنان دەرفەتی زۆریان هەیە بۆ بەشداری لە پلەو پۆستە باڵاکان ئەمە لە کاتێکدا ١٤٪ بەشدار بوانیش پێیانوایە پێدانی پۆست و پلە بەژنان تاڕادەیەکی «مامناوەند»ە.

**پرسیاری پێنجەم: لە پێدانی پۆست لە فەرمانگەکەدا، چانسی ژنان زیاترە یان پیاوان؟**

ژنانی بەشداربو بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە رێژەی ٦٤٪ هەڵبژاردەی پیاوانیان دەستنیشانکردوە و لایانوایە چانسی پیاوان لە ژنان زیاترە لە فەرمانگەکەیاندا، لە هەمانکاتدا ٥٪ بەشداربوان لایانوایە چانسی ژنان زیاترە لە فەرمانگەکەیاندا لە پێدانی پۆست، ٢٣٪ پێیانوایە هەردوکیان چانسیان هەیە و ٨٪ ی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە دەرئەنجامی ئەم خاڵەدا ژنان وایدەبینن کە چانسی ئەوان بۆ وەرگرتنی پۆست بەبەراورد بە پیاوان کەمترە، تەنها ٥٪ رایانوایە لە فەرمانگەکانیاندا چانسی ژنان لە پیاوان زیاترە بۆ وەرگرتنی پۆست، لە بەرامبەردا زۆرینەی ژنانی فەرمانگەکان، وایدەبینن چانسی پیاوان زیاترە لە فەرمانگەکەیان بەشێوەیەک کە ٦٤٪ ئەم رایەیان لاپەسەند بوە، لەگەڵ ئەمەشدا ٢٣٪ بەشداربوەکان رایانوابوە بۆ ژنان و پیاوان هەمان هەل رەخساوە بۆ وەرگرتنی پۆست لە فەرمانگەکەیاندا.

**پرسیاری شەشەم: ئایا بەڕێوبەران و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان وەک یەک لە توانای ژنان و پیاوانی فەرمانبەر دەڕوانن؟**

لەم خاڵەدا ژنان بە رێژەی ٤٦٪ رایانوایە کە توانایان بە کەم دەزانرێت لە لایەن بەڕێوبەر و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان. ٣٨٪ وایدەبین بەڕێوبەر و لێپرسراوی بەشەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان توانای ئەمان وەک ژن لەگەڵ فەرمانبەرانی پیاو دا، ١٥٪ بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە و ١٪ یش وەڵامەکەیان ئەوەیە کە توانای پیاوان بە کەم دەزانن.

دەرئەنجامی گشتی بۆ وەڵامی پرسیاری شەشەم، ئەوەیە کە توانای ژنان لەلایەن بەڕێوبەری و بەرپرسانی دەزگا و بەشەکانی بەکەم دەبینرێت، بەشێوەیەک تەنها بە رێژەی ١٪ رایانوایە پیاوان تواناکانیان کەمتر دەبینرێت لە لایەن بەڕێوبەران و بەرپرسانی بەشەکانەوە، لەبەرامبەریشدا ٤٦٪ پێیانوایە بەڕێوبەر و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان توانای ژنان بەکەم دەزانن لە فەرمانگەکەیاندا.

**باگراوەندی بەشداربوان:**

باگراوەندی بەشداربوانی راپرسیەکە بەمشێوەیە بوە: ٧٨٪ تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٥ساڵی دایە، ١٩٪ بەشداربوان تەمەنیان ٣٦ بۆ ٥٠ ساڵی دایە، هەروەها بەشداربوانی سەرو پەنجا ساڵ بەرێژەی ٣٪ بەشداربون.

لە روی ئاستی خوێندنەوە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم، نیوەی بەشداربوانی راپرسیەکەی پێکهێناوە، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ٢٠٪ بەشداربوان بون، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و ناوەندیی لەگەڵ سەرەتایی بە رێژەی یەکسانی ١٥٪ بەشداربون لە راپرسیەکەدا.

**ئەنجامەی راپرسیەکە چیمان پێدەڵێت؟**

بەپشت بەستن بە شیتەڵی راپرسیەکە، وایدەبینن کە بنەمایەکی یەکسان و عادیلانە نیە بۆ پێدانی پۆست و پلە بە ژنانی فەرمانبەری گەرمیان، ئەمەش نەنگیەکی بەرچاوە لە ئیدارەی سنورەکە، چونکە دەبێت عەقڵیەتی ئیداریی جیاواز بێت و بەچەند هەنگاوێک لە پێش عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیەوە بێت، ئەمە لە کاتێکدایە دەبێت دەسەڵات کار لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتیەکە بکات و هەوڵی بەرەوپێشەوەبردنی بە ئاراستەی باشتر و چاکسازییدا بدات، کەچی هەستدەکەین خۆی کەوتوەتە ژێر کاریگەریی رەوشە کۆمەڵایەتیەکە و شەرمنانە لەگەڵ دۆزی ژن دا مامەڵەدەکات و ئەو بە کەم تەماشاکردنەی بۆ ژنان لەکۆمەڵدا هەیە، لەمیش رەنگی داوەتەوە. ئەمەش خاڵێکی نەنگە و دژە بە بنەما جیهانی و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

**چۆن دەتوانین لە داهاتودا ئەنجامی راپرسیەکە بگۆڕین؟**

بۆ ئەوەی لە داهاتودا هەمان راپرسی کرایەوە سیما و شێوەیەکی دیکەی بەشداری ژنان بینین و خوێندنەوەیەکی دیکە هەبێت و بۆ بەشداری ژنانی گەرمیان لە فەرمانگە حکومیەکان و پێدانی دەسەڵات بە ژنان، پێشنیاز دەکەین فەرمانگەکانی سنورەکە رێژەیەک دیاریی بکەن بۆ پۆستەکان لەسەر بنەمای رەگەز، وەک چۆن «کۆتا» و رێژەی تایبەت بە ژنان هەیە لە پارلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دا، ئەواش لە حکومەت دا رەچاوی ئەمە بکرێت و کار بەم بنەمایە بکرێت.

هەروەها دەتوانرێت وەکو دەستپێشخەرییەک بۆ هاوسەنگ کردنەوەی ئەو بارە لاسەنگە رەگەزییەی لە پۆستەکاندا هەیە، بکرێت بە مەرج کە جێگر یان یاریدەدەرانی بەڕێوبەرانی ئەو دامودەزگایانەی کە لە رەگەزی نێرن، لە رەگەزی مێ بن، ئەمە بۆ بەش و هۆبەکانیش هەر دروستە.

ئەوەی جێگەی بایەخپێدانی زیاترە کردنەوەی خول و راهێنانی تایبەت بە دامودەزگاکانە بۆ قوڵکردنەوەی چەمکی یەکسانی رەگەزیی و بەرقەرارکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو، لەمەشدا رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانن بەشدار بن.



وەڵامی پرسیاری سێیەم

# چالاکوانان پشتگیریی دانانی ژنێک بۆ جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەکەن



■ نەوژین

**ژمارەیەک لە چالاکوانان پێشوازیی لە خۆکاندیدکردنی ژنێک بۆ پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەکەن، ئەمەش بە هەنگاوێک بۆ برەودان بە ڕێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکان دەزانن.**

پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، بەهۆی خانەنشین بونی (عەبدوڵڵا ئەنوەر)، ماوەی زیاتر لە ٦ مانگە، بە چۆڵی ماوەتەوە، بۆ پڕکردنەوەیشی ٣ کەس کاندیدن کە یەکێک لەوانە ژنە.

چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان، بەپێویستی دەزانن ئەو پۆستە بە ژنێک بدرێت، ئەوەش لەپێناو راستکردنەوەی ئەو نایەکسانییەی کە وەکخۆیان دەیڵێن لە پۆستە فەرمیەکانی سنورەکەدا لە روی رەگەزییەوە بونی هەیە.

شەیما جەمال، چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان، پێشوازیی لە خۆکاندیدکردنی ژنێک بۆ ئەو پۆستە دەکات، بەپێویستیشی زانی کە ئەم دەستپێشخەرییانە لەلایەن ژنانەوە بەردەوام بن.

وتی: پێویستە رێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا زیاد بکرێت، چونکە لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەست بە پەراوێزخستنێکی ژنان دەکەین لەو پۆستانە.

لە پرسی هاتنەپێشەوەی ژنان دا، زۆرجار باس لەوەدەکرێت کە رێگری و ئاستەنگ بۆ ژنان دروست دەکرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی زۆر دڵگەرم نەبن بۆ داواکردنی پۆست و هاتنەپێشەوەیان لەو پۆست و پلانەی تیایدان.

شنە محەمەد، چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان، وایدەبینێت پێویستە بەرنامەیەک هەبێت بۆ پشتگیرییکردن لە ژنان و پێشوازیلێکردنیان لە وەرگرتنی پۆست و پلەی حکومی دا.

وتی: بۆ ئەوەی ژمارەی ئافرەتان لەپۆستەکاندا زیاتر بکرێت، پێویستە پێشوازی لە هاتنەپێشەوەیان بکرێت وهاتنەپێشەوەیان بەهەند وەربگیرێت و دەست بەڕویاندا نەنرێت و ئاستەنگیان بۆ دروستنەکرێت.

ئەو چالاکوانە پێشیوایە بونی ژنان لەناوەندەکانی بریار و پۆست و پلە فەرمیەکاندا گرنگە «نکۆڵی لەوە ناکرێت جیهان پێویستی بەتێڕامانی ئافرەتانە لە تەواوی کایەکانی ژیاندا، چونکە ئافرەت بە سروشت بونەوەرێکی ناسک و بەسەلیقەیە، ناسک لە روی جەستەوە نا، بەڵکو لە روی رۆحیەت و بیرکردنەوەوە».

بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا خودی ژنان تاچەند ئامادەییان تێدایە بۆ هاتنەپێشەوە لە بواری حکومەتداریی و دەسەڵات بەڕێوبردن دا؟

(شنە محەمەد) پێیوایە پێدراوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ژنان بەرادەیەکی باش هاتونەتە پێشەوە «ئەگەر سەیرێکی کۆمەڵگەی کوردی بکەین زۆر نەریت گۆڕاوە، ئافرەتانی کوردیش بەبێ جیاوازی بەشدارییان لە هەمو کایەکانی ژیاندا کردوە، وێڕای ئەو هەمو ئاستەنگانەی لەبوارە جیاوازەکاندا بۆیان دروست دەکرێت، توانیویانە شانبەشانی پیاوان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا خزمەت بکەن».

لەم روانگەیەشەوە (شەیما جەمال)، بەگرنگی دەزانێت پشتیوانی لە دەستپێشخەریی ژنێک بکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان.

وتی: نەک تەنیا لە پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، بەڵکو پێویستە ژنان لەسەرجەم پۆست و پلەکانی دیکەش رۆڵیان پێبدرێت و بێنەپێشەوە.

چالاکوانێکی دیکە وایدەبینێت کە ئەو ژنانەی لە حکومەت دا بون لە گەرمیان، ئەگەر باشتریان پێشکەش نەکردبێت لە پیاوان، خراپتریان پێشکەش نەکردوە، لەم سۆنگەیەشەوە پشتیوانی خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەلایەن ژنێکەوە دەردەبڕێت.

ڤیان سابیر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان، وتی: ئەزمونی ژنان لە فەرمانگەکانی گەرمیان دەریخستوە کە ئەدایان لە پیاوان باشتر نەبوبێت خراپتر نەبوە، بۆیە هیچ پاساوێک نیە بۆ بێبەشکردنی ژنان لە پۆستەکان.

ئەم داواکارییەی چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان لەگەرمیان، لەکاتێکدایە کەبەپێی داتا فەرمیەکان، لەکۆی زیاتر لە ٧٠ پۆستی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی و فەرمانگەی دیکە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، تەنها کەمتر لە ١٠ پۆستیان لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن، ئەمەش لاسەنگیەکی ئاشکرا لە دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای رەگەزیی پیشان دەدات.

# «لەبەر جلوبەرگ لە هاوسەرەکەم جیابومەوە»

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**هەتا ئێستاش کە (بەنان) دەدوێنیت لەسەر جیابونەوەکەی، ناتوانێت ئەو حەسرەت و خەمە قوڵەی لە ناخی دایە بشارێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکەی بە راست دەزانێت، پێیوایە نەدەکرا لەگەڵ مێردەکەی دا بەردەوام بێت.**

هاوسەران لەسەر زۆر کێشە و زۆر هۆکار جیادەبنەوە، بەڵام ئەوەی (بەنان) و هاوسەرەکەی جیاکردوەتەوە، تاڕادەیەکی زۆر جیاوازە لە هاوشێوەکانی، چونکە ئەوان بەهۆی نەگونجانیان لەبارەی ئەو جلوبەرگەی دەیپۆشێت، جیابونەتەوە.

رەنگە لە رواڵەت دا وابیر بکەینەوە کە جلوبەرگ هی ئەوە نیە کە ببێتە کێشە و هاوسەرەکانی لەسەر جیا ببێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئەم حاڵەتەیان ئەزمون کردوە، رایەکی تریان هەیە.

بەناز، ٣٤ ساڵ، لەبارەی هۆکاری جیابونەوەی لە هاوسەرەکەی، بۆ (نەوژین) وتی: «لەگەڵ هاوسەرەکەمدا هەرگیز نەدەگونجاین لەسەر ئەو جلوبەرگەی لەبەرم دەکرد، بەبەردەوامی کێشەمان بۆ دروست دەبو، من هەرچیم بپۆشیایە ئەو بە دڵی نەدەبو و بیانوی دەهێنایەوە».

ئەو ژنە باس لەوەش دەکات کە هەرگیز نەیتوانیوە بەبێ دەنگە دەنگ و بە دڵی خۆی جلێک بپۆشێت «هەرگیز نەمتوانیوە جلوبەرگێک بەدڵی خۆم لەبەر بکەم، ئەمەیش هۆکاری زۆری کێشەکانمان بو تا سەرەنجام جیابوینەوە، ئەگەرچی کچێکیشمان هەبو».

> هاوسەرەکەم لەبەر قسەی کۆمەڵگا ڕێگری دەکرد بە دڵی خۆم جل بپۆشم

لە هاوسەرگیریی دا زۆرجار هاوسەران کێشە و ناکۆکی دێتە پێشیان، بەڵام بە رای ژنێک واباشە هاوسەران لەسەرەتاوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەشێت کێشەی لێ دروست بێت، رێک بکەون.

ئەوین، ٢٨ ساڵ، خەڵکی کەلارە، باس لەوەدەکات هەر لە سەرەتای خوازبێنیەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی رێککەوتوە لەسەر ورد و درشتی پەیوەندیەکەیان و لەنێویشیاندا جلوبەرگ، هەربۆیە تائێستا لەو روەوە روبەڕوی کێشە نەبونەتەوە.

ئەم بۆچونە، پارێزەرێکیش جەختی لێدەکاتەوە و پێیوایە پێویستە هاوسەران لێکتێگەیشتنیان لەنێواندا هەبێت.

پارێزەر: زمکان حەمە ساڵەح، بۆ (نەوژین) وتی: «پێویستە ژن و مێرد لێکتێگەیشتن و گونجان لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی توشی ئەمجۆرە حاڵەتانە نەبنەوە».

جەختیشیکردەوە کە هیچ دەقێکی یاسایی نییە پەیوەست بێت بە جلوبەرگەوە، بەڵکو هەر لە چوارچێوەی کێشە و نەگونجانی ژن و مێرد دا دادەنرێت.

وەک ژنان ئاماژەی بۆ دەکەن، کێشەکە ئەوەیە زۆرێک لەپیاوان بەهۆی قسەی دەوروبەر و کۆمەڵگەوە، رێگە بەوان نادەن ئازاد بن لە پۆشینی جلوبەرگ، ئەگەرچی ئەو جلوبەرگانەش بەرای خودی ژنان، زۆر ئاسایین و هیچ عەیبەیەکی تێدا نەبوە.

شنۆ، ٢٧ ساڵ، ژنێکی دانیشتوی کەلارە، بۆ (نەوژین) باس لەوەدەکات کە هاوسەرەکەی بەهۆی ترسی لە قسەی خەڵکیەوە لەسەر جلوبەرگەکانی، زۆرجار کردویەتی بەکێشە لەگەڵی دا.

وتی: «کە سەرەتا هاوسەرگیریم کرد، هاوسەرەکەم هیچ کێشەیەکی نەبو لەگەڵ جلوبەرگەکەمدا، بەڵام وردەوردە و بەتێپەڕبونی کات لەبەر قسەی کۆمەڵگا گۆڕا، تاوایلێهات رێگەی نەدەدا بە دڵی خۆم جل بپۆشم».

وتیشی: کە دەچوینە بازاڕ بۆجل کڕین، دەبو بەکێشەمان، ئەم کێشانەش تائێستا بەردەوامە و تائێستاش بەمهۆیەوە چەندینجار لە یەک زویر بوین.

ئەگەر کێشەکە لە دەرەوە دا جلوبەرگ بێت، ئەوا لە ناوەوە پاڵنەر و سەرچاوەی تری هەیە، بابەتێکە پەیوەندی بە پرسی ئازادیی تاکەکانەوە هەیە، ئەمەش بە بۆچونی توێژەرێک.

ئاسۆ پیرۆزی، وتی: یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، کۆمەڵگەی خۆمان تاڕادەیەک داخراوە و هاوسەر رێ لەخێزانەکەی دەگرێت کە بەدڵی خۆی جلوبەرگ لەبەربکات، ئەمەش لەبەرامبەردا لەروی دەرونیەوە ژنەکە ئازار دەدات کە بەزۆر جلێکی بەسەردا بسەپێندرێت.



## نەرمین عوسمان:

# ژنان لە کایەی سیاسی و حزبی دا خاوەنی بڕیاری تەواو نین



جیاکاری رەگەزیی بەشێوەیەکی گشتی لە ناو حزبەکان دا هەیە

بەشداریی ژنان ئێستا لەگەڵ رابردو دا پێشکەوتوترە

■ نەوژین، زریان محەمەد

**نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وایدەبینێت کە ئێستا هاتنە پێشەوەی ژنان بۆ کاری سیاسی باشترە، پێشیوایە هێشتا ژنان لە بواری سیاسەت دا خاوەن بڕیاری تەواو نین و زۆرینەی بڕیارەکان لای پیاوانە.**

نەرمین عوسمان، یەکێکە لە روخسارە مێینە دیارەکانی یەکێتی لەماوەی چەند ساڵی رابردودا، چ بەهۆی کاری حزبیەوە بوبێت یان حکومیی. لەم ماوەیەی رابردودا لە شاری کەلار سیمینارێکی بەناونیشانی (بەشداریی ژنان لە ناوەندی بڕیار و کاریگەری راگەیاندن لە سەری)، لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار ئەنجام دا. (نەوژین) دەرفەتی قۆستەوە و دیدارێکی لەبارەی پرسی بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسی دا لەگەڵ ئەنجام دا.

* مێژوی سەرەتای تێکەڵ بونت لە کاروباری سیاسی و حزبی، بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
من خۆم لە خێزانێکی سیاسیی بوم، هەربۆیە لە تەمەنێکی کەمەوە تێکەڵ بەم بوارە بوم، بۆ ماوەی (٥٠) ساڵە لە نێو سیاسەت و حزبایەتی دام.

* تاوەکو ئێستا چەند پۆستت وەرگرتوە لە نێو حزب و لە کایەی سیاسی دا بەگشتی؟
چەند پۆستێکی سیاسی و رێکخراوەیی و حکومیم وەرگرتوە، لەوانە: (سکرتێری یەکێتی ئافرەتان، بەرپرسیارێتی ژنانی کۆمکاری عەرەبی، نوێنەری حزبەکەی خۆم لە سۆسیال دیموکراتی جیهانی، پۆستی وەزیری لە هەرێم و عێراق) هەمو ئەو پۆستانەم هەبوە لە ماوەی کارکردنم دا جگە لە چەندین پۆستی تری رێکخراوەیی، ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم.

* بەشداری ژنان لە کاری سیاسی و حزبی لە ئێستادا چۆن دەبینی؟
ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ رابردو دا، لە ئێستادا پێشکەوتوترە لە چاو رابردو، ئەو کات هەمو ئەو ژنانەی کە لە ناو سیاسەت بون (٣) ژن بوین، ئێستا ژنان لە هەمو بوارەکان هەن، هەروەک بەشدارییان باشترە، چ لە قسە کردن چ لە رادەربڕین سڵ ناکاتەوە، ئەمانە هەموی خاڵی گرنگن، بەڵام ئایا گەشتوەتە ئەو ئاستەی کە ژنان خۆیان ئارەزوی دەکەن و تموحیانە؟ نەخێر نەگەشتوە و وەکپێویست نیە، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی دورودرێژە و وا بە ئاسانی نابێت، لە چنینی ئاوریشم قورس ترە.

* ئایە ژنان دەتوان لە ناو حزبەکان خاوەنی بڕیاری خۆیان بن وەک ئەوەی کە هەن؟
نەخێر، هەتاوەکو ئێستا ژنان لە ناو کایەی سیاسی و حزبی دا خاوەنی بڕیاری تەواو نین، هەتاوەکو ئێستاش بۆشاییەک هەیە و یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە ژنان ژمارەیان کەمە و وەکپێویست نیە، یەکێکی تریش لە هۆکارەکان ئەوەیە زیاتر دەسەڵاتەکان و بڕیارەکان لەلای پیاوانەوە بەڕێوە دەبرێن.

* لەگەڵ ئەم نەبونی بڕیارەدا، ئایا جیاکاری رەگەزیی بەرامبەر بە ژنان بونی هەیە لە ناو حزبەکان دا؟
بەڵێ، جیاکاری رەگەزیی هەیە بەشێوەیەکی گشتی لە ناو حزبەکان، ئەگەرچی لە یەکێتی نیشتمانی تاڕادەیەک کەمترە.

* حکومەت و لایەنە فەرمیەکان تا چەند رۆڵیان هەبوە لەوەی پێگەی ژنان زیاد بکەن بە تایبەت لە نێو حزبەکان و کایەی سیاسیدا؟
بەشێوەیەکی گشتی رۆڵیان هەبوە، بەڵام لەو ئاستە نەبوە کە وەکپێویست بێت، ئەگەرچی دەوری ئەمجارە لە نێو حکومەت باشترە کە (٣) وەزیری ژنمان هەیە و سەرۆکی پەرلەمانیش هەر ژنە، ئەمە جێگەی خۆشحاڵیە، چونکە یەکەمجارە شتی لەوشێوەیە رودەدات.

* بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینیی ئەوە هەیە کە ژنان کەمتر دەچنە پارلەمانەوە، هۆکارەکەی بەلای تۆوە چیە؟
ژنان بە رێژەکەی خۆیان دەچنە پەرلەمان ئەویش بەپشت بەستن بە بە سیستەمی کۆتا، ئەگەرچی لە ئێستادا ژنانمان هەیە بە دەنگی خۆیان رۆشتونەتە پەرلەمان، تەنانەت وا پیاوانیشمان دەنگ بە ژنان دەدەن کە بچنە پەرلەمان.

* هاتنە پێشەوەی ژنان بۆ ناو حزب و سیاسەت لە گەرمیان چۆن دەبینی؟
لە ساڵی ٢٠٠٠ کە وەزیر بوم هاتمە گەرمیان، یەکێک لەو کارانەی کە کردمان ئەوەبو کە دەرفەت بۆ ئەو ژنانەی کە لە دوای ئەنفال بەجێمابون بڕەخسێنینەوە. ئەوکات بە دەگمەن ژن هەبو لە بوارەکە دا و دەبینرا، بەڵام لە ئێستادا باشترە و لە ناو هەمو کایەکان ژنان دەبینرێن، ئەگەرچی گەرمیان لە روی کلتور و دابونەریتەوە داخراوترن، ئەمەش وایکردوە ژنان کەمتر بێنە پێشەوە، بەڵام لە ئێستادا باشترە.

* چ لە گەرمیان و کوردستان بەگشتی لایەنی ئابوری چ رۆڵێکی هەبوە لە هاتنە پێشەوەی ژنان دا بەتایبەتی لە کایەی سیاسی دا؟
یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان لایەنی ئابورییە کە وایکردوە ژنان کەمتر رۆڵیان هەبێت، بۆیە پێویستە حزب دەستگیرۆی ژنان بکات لە روی مادییەوە بۆ ئەوەی باشتر بێنە پێشەوە.

* رێکخراوەکان و چالاکوانان و کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵیان هەبوە لە بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان بە تایبەت لە هێنانە پێشەوەیان بۆ ناو حزب و سیاسەت دا؟
بەشێوەیەکی گشتی بەڵێ رۆڵیان هەبوە، بەڵام وەکپێویست نیە، هۆکاری ئەمەش لایەنی مادییە کە ئەوانیش کێشەیان هەیە لەو روەوە، چونکە واقعیەن ئەبێت ئەوان لە هەفتەیەک و چالاکیەکیان هەبێت و کۆ ڕ یکی تایبەت بە ژنان ئەنجام بدەن، کەچی ئەمە کەم بوەتەوە.

* پێتوایە ئە نجا مدا نی کۆڕ و سیمینار لە بارەی ژنان و پرسەکانیانەوە چ کاریگەری دەبێت بە تایبەت لە گەرمیان؟
ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار لە بارەی پرسەکانی ژنانەوە سودی خۆی دەبێت، یەکێک لەوانە سود لە یەکتر وەردەگرن و وا دەکەن هەوڵ بدەن ژنان خودی خۆیان بەو ئامانجە بگەن کە دەیانەوێت، دواتر لە پیاوانی دەگەیەنێت کە ئەم کۆمەڵگایە ناتەندروستە ئەگەر هاوکاری ژنان نەبێت، چونکە من لە ئەزمونی خۆمەوە ئەوە دەزانم، بۆنمونە من کاتی خۆی شیعرم دەنوسی، کەچی نەمدەتوانی بڵاوی بکەمەوە، لەبەر ئەوەی هاوکارم نەبون و شتێکی عەیبە بو ژنان شتی وا بکەن.



* ئایە توندوتیژی و گێچەڵپێکردنی ژنان هۆکارە بۆ ئەوەی نەیەنە پێشەوە بۆ ناو سیاسەت و حیزب؟
بەڵێ بێگومان، وەکو هەمو کەسێکی تر، چونکە وایان لە ژن روانیوە کە تەنها دەتوانێت ئیشی ئاسایی رۆژانە رایی بکات نەک گۆڕانگاری دروست بکات، کە خۆم روبەڕوی ئەوە بومەوە، تەقەم لێکرا کە خەریک بو بکوژرێم تەنها لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریم لە مەنهەج دا کرد، بەڵام کۆڵم نەدا و بەردەوام بوم.

* بەشێکی سیمینارەکەت تایبەت بو بە رۆڵی میدیا، پێتوایە راگەیاندن رۆڵی چی دەبێت لە نیشاندانی پێگەی ژنان و هێنانە پێشەوەیان؟
گەورەترین ئەرک و رۆڵ لەسەر میدیایە، چونکە هەر میدیایە دەتوانێت گۆڕانکاری لە ئەقڵیەتی خەڵکدا بکات، خەڵک ئێستا بە زانیاریی خێرا راهاتوە و تاقەتی خوێندنەوەی کتێبی نیە، ئەمەش تەنها بە میدیا دەکرێت و رۆڵی گرنگی هەیە بەتایبەت بۆ ژنان.

# 4 کچ دەیانەوێت ببنە ئاسنگەر

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ئەگەر تائێستا واتزانیوە هەر کوڕانن دەتوانن سەر لە کاری ئاسنگەریی و پێکەوەلکاندنی ئاسن «لحیم» دەربکەن، ئەوا پاش خوێندنەوەی ئەم راپۆرتە، دەبێت بە باوەڕەکەتدا بچیتەوە!**



لە قەزای کەلار بۆ یەکەمجار چوار کچ بەشداریی لە خولێکی فێربونی بنەماکانی ئاسنگەریی دەکەن، بەمەش دەبنە یەکەم وەجبەی دەرچوی کچان کە دەیانەوێت رو لە بوارێک بکەن کە بە بوارێکی تەواو نێرانە ناسراوە.
ئەگەرچی سالانی رابردو ئەستەم بو کچان بەشداریی لە وەها خول و راهێنانێک دا بکەن، بەلام لە ئێستادا کچان سڵ ناکەنەوە و هەر بەهرەیەک لەخۆیاندا شک ببەن، لەرێگەی خول و راهێنانەوە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی دەدەن.
لەم ماوەیەدا کۆتایی بە خولێکی پیشەیی بۆ فێرکردنی بنەماکانی ئاسنگەریی و «لەحیم کردن» هات، کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی کار و راهێنانی پیشەیی گەرمیان بە هاوکاری رێکخراوەکانی (قەندیل و UNFPA)یەوە کرابویەوە، تیایدا ٢٠ کەس بەشداریان کردبو، ٤ لەوانە کچ بون.
ئەم خولە تایبەتەی «لەحیم کردن»، بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی بۆ بەشداران پێشکەش کرا و لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی ئاست بۆ بەشداران ئەنجامدرا و یەکێک لە کچانی بەشدار بو توانی ببێتە سێیەم باشترینی خولەکە.
چیمەن ئیسماعیل، ٢٢ ساڵ، پلەی سێیەمی خولەکەی بەدەستهێنا، سەبارەت بە بەشدارییکردنی، بۆ (نەوژین) وتی: حەز و خولیام کارکردن و فێربونی پیشەیە لەنێویشیاندا (لەحیمی)، هەر ئەمەش هانیدام بۆ بەشداریکردن و سەرکەوتن لەم خولەدا.
ئەو کچە ئاماژەی بەوەکرد لە خولەکەدا سودی «باشیان» بینیوە و توانیویانە بەباشی فێری پیشەکە و شێوازەکانی لکاندنی ئاسن و بنەماکانی ئەم کارە ببن.
وتیشی: «راستە پیشەکە کوڕانەیە و زیاتر بۆ کوڕانە، بەلام حەزکردنیش گرنگە، هەر شتێک حەزت لێبێت فێری دەبیت».
ئەم کچە سەرەڕای بەشداریکردنی لەم خولەدا، لە دوکانێکی دەسترەنگینی دا لەناو بازاڕی شاری کەلار کاردەکات، چاویشی لەوەیە لەداهاتودا ببێتە ئاسنگەر.
وتی: حەزم لە کردنەوەی دوکانی ئاسنگەریە، بەلام بەهۆی نەبونی پاڵپشتی، نەمتوانیوە ئەو کارە بکەم.
ئەو پاڵپشتیەی (چیمەن) باسی دەکات، بەشدارانی دیکەش بەتایبەت کوڕانی بەشداربو، جەختی لێدەکەنەوە و بەپێویست و گرنگی دەزانن.
ئازاد ئەحمەد، ٢٨ ساڵ، پلەی یەکەمی لە خولەکە بەدەست هێناوە، بۆ (نەوژین) وتی: شتی زۆر باش لە خولەکەدا فێربوم و بونی ئەم خولانە زۆر گرنگە، بەلام پێویستە پاش ئەم خولانەش هاوکاری و پاڵپشتی هەبێت بۆ ئەوەی بەشداران بتوانن چ لەگەڵ یەکتر و چ بە تاک، ئەو پیشەیەی فێری بون پەرە پێبدەن و دوکان و شوێنکار بکەنەوە.
لەبەرامبەردا بەرێوەبەری کار و راهێنانی پیشەیی گەرمیان، جەختیکردەوە کە ئەوان بە پلەی یەکەم هەوڵی راهێنان و فێرکردنی گەنجان دەدەن بۆ پیشە جیاوازەکان.
کاوە جەبار، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کار و راهێنانی پیشەیی گەرمیان، وتی: مەبەستمان لە کردنەوەی خولەکان فێرکردنی گەنجەکانە.
جەختیشیکردەوە کە ئەوان دەیانەوێت لە بوارە جیاوازەکان دا خولی راهێنان بکەنەوە بۆ ئەوەی بواری فێربونی پیشە بۆ گەنجان زیاتر بکەن.
بە پێی ئاماری بەرێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای سلێمانی، لە رێژەی کەسانی ئیشکەر لە سنورەکەدا و لە تەمەنی (١٥-٦٤) ساڵی دا، تەنها ١٥٪ یان لە رەگەزی مێیە و ٨٥٪ لە رەگەزی نێرە، لە کاتێکدا رێژەی ٦٠٪ی دانیشتوانی هەرێم ئامادەن بۆ کارکردن.
رێکخراوەکانی ژنانیش باس لەوەدەکەن کە سەرباری ئەوەی رێژەی ژنانی ئیشکەر لەئێستادا بە بەراورد بە ساڵەکانی تر زیادی کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هانی زیاتری ئەم هەوڵانە بدرێت.
شەیما جەمال، بەرپرسی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لە ناحیەی رزگاری، بۆ (نەوژین) وتی: ئەگەر سەرنج بدەی پێشوتر ژنان تەنها کاری بەرگدوریيان دەکرد و ئەویش لەماڵەوە بو، بەلام ئێستا زۆر جۆری جیاوازی کار دەکەن و کارکردنیشیان بردوەتە دەرەوە و بۆ بازاڕ و دوکانەکان.
بەپێویستیشی زانی پشتگیریی لە ژنان بکرێت چ بە فەراهەمکردنی دەستمایە یان ئاسانکاریی کردن بۆیان، بۆ ئەوەی پیشەی تایبەت بە خۆیان بونیاد بنێن.

---

# کچێک لە رزگاریی «نیڤا مۆدە» دەکاتەوە

■ نەوژین، چرۆ حەسەن

**چەند مانگێکە (نەرمین) دەستی داوەتە پرۆژەیەک کە تەواو لەو بوارە دور و جیاوازە کە پسپۆڕیتی تێدا هەیە و خوێندویەتی، ئەو لە ناحیەکەیاندا هەستاوە بە دانانی فرۆشگایەکی جلوبەرگی ژنانە و ناوی لێناوە «نیڤا مۆدە».**

لە ناحیەی رزگاریی دا، لە کۆمەڵگایەک دا کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی تر بە «نەریتیی» ناودێر دەکرێت، کچێک فرۆشگایەکی تایبەتی بۆ خۆی کردوەتەوە، هەوڵەکانیشی دەچێتە پاڵ هەوڵی ئەو مرۆڤانەی تر کە ماوەیەکە و بە ئامانجی کرانەوەی زیاتری فەزای گشتی لەو ناحیەیەدا دەیدەن.
نەرمین مەولود ئەحمەد، ٢٥ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلارە، یەکێکە لەو کچە کەم و دەگمەنانەی توانیویانە ببنە خاوەنی کار و پرۆژەی خۆیان و دوکانێکی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە.
ئەو رۆژەی ئێمە سەردانی (نەرمین)مان کرد، لە دوکانەکەی دا سەری لە مامەڵە نابو، بەهێمنی خەریکی پێشکەشکردنی جلوبەرگەکان بو بە کڕیارەکانی.
پاش بەرێکردنیان، چیرۆکی دەستبەکاربونی لەو دوکانەدا گێڕایەوە، باسی لەوەکرد کە پاش تەواوکردنی بەشی کشتوکاڵ، چاوەڕوانیەکانی بۆ دامەزراندن چ لە کەرتی گشتی و چ لە کەرتی تایبەت، بون بە هەڵم، هەربۆیە بڕیاری داوە چاوەڕێی کەس نەکات و خۆی دەستپێشخەریی بکات.
وتی: لە ماڵەوە بێزار بوم، لەخۆم رادەبینی بۆ کار و هیچ کارێک نەبو ئەنجامی بدەم، بۆیە زۆر لێکدانەوەم بۆ کرد و سەرەنجام بڕیارم دا ئەم دوکانە دابنەم.
دوای خۆیەکلا کردنەوە، بیرۆکەکەی بۆ خێزانەکەی نمایش دەکات، دەست لەسەر دڵ چاوەڕێی وەلامی ئەرێنی ئەوان دەبێت، ئەوانیش خەیاڵەکەی ناشێوێنن و بەهەمو توانایانەوە پشتگیری دەکەن و سەرەنجام خەیاڵەکەی دەکات بە راستی.
وتی: خۆشبەختانە وا ماوەی چوار مانگ دەبێت دوکانەکەم داناوە، ناوم لێناوە «نیڤا مۆدە».
ئەوەی ئەو کچەی خۆشحاڵکردوە، بەدەمەوەهاتنی خەڵکی بۆ کارەکەی زۆرباش بوە، ئەو لەکاتێکدا چاوەڕێی ئەوە بوە روبەڕوی قسە و توانج ببێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە خەڵکی بە رێزەوە تەماشای هەنگاوەکەی دەکەن.
وتی: لە فرۆشگاکەم دا زۆر کەلوپەل و جلوبەرگ و پێداویستی ژنان هەیە، ژنانیش زۆر سەردانم دەکەن و خۆشحاڵن بە کردنەوەی فرۆشگایەکی لەمشێوەیە.
ئەو خۆشحاڵیەی ژنان کە (نەرمین) باسی لێوەدەکات، خودی ژنانی کڕیاریش جەختیان لێکردەوە.
کەژاڵ، یەکێکە لە کڕیارەکانی فرۆشگاکەی (نەرمین)، وتی: زۆرم پێخۆشە کە فرۆشگایەکی ئاوەها لێرە کراوەتەوە، ژنان دەتوانن بەبێ هیچ شەرم و کێشەیەک پێداویستیەکانی خۆیان بکڕن.
ئەو خۆشحاڵ بو بە مامەڵەی خاوەنی فرۆشگاکەش «زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکات، زۆرجار کە جلوبەرگ دەکڕین ئەگەر دواتر بەدڵیشمان نەبێت، بە دڵێکی فراوانەوە بۆمان دەگۆڕێتەوە».



ئەگەر پاڵنەری هەمو کارێک بە پلەی یەکەم مادیی بێت، ئەوا بەلای (نەرمین)ەوە، پاڵنەرەکە پتر بونیادنانی ئیشێکی سەربەخۆ بوە.
وتی: رەوشی داراییمان لەخوا بەزیاد باشە و پێویستیم بە پارە نەبو، بەلام پێمناخۆش بو بێکار دابنیشم و هیچ بەرهەمم نەبێت، بۆیە ماڵەوەشمان بەتایبەتی باوکم، بە سوپاسەوە پشتیوانم بون بۆ ئەم کارە.
ئەو ئێستا بە رادەیەک پەرۆشی کارەکەیەتی و دڵی پێخۆشە، کە زۆربەی کاتەکانی رۆژ و شەو لەوێدا کار دەکات.
ئەم دیدارەی (نەوژین)ی بەهەل زانی و ویستی ئەم پەیامە وەکو دواین بەش لە قسەکانی بگەیەنێت: «هیوادارم ژنان بتوانن شانبەشانی پیاوان کار بکەن، چونکە زۆرجار پیاوان ناتوانن بەتەنیا هەمو بژێوی دابین بکەن، بۆ ژنیش جێی شانازی و خۆشحاڵیە ئەگەر لەم ئەرکەدا هاوکاری هاوسەرەکەی بێت، بۆیە دەبێت ژنان تاکو دەتوانن هەوڵی خۆیان بدەن و بەبێ شەرم و دودڵی کاربکەن».

«هیوادارم ژنانیش بتوانن شانبەشانی پیاوان کار بکەن»

# لە پێناو بەشودانیان لە خوێندن بێ بەش دەکرێن

■ نەوژین، زریان محەمەد

**«رایان چەڵەکاندم لە خەونەکەم، خەیاڵەکەیان لێتێکدام، خەیاڵی تەواوکردنی خوێندنم لەگەڵ کۆچی دایکم لەگۆڕنرا، لە زیندانی باوەژن بوم ناردمیان بۆ دۆزەخی هاوسەرگیری، هیوام ژیانێکی ئاسایی بو، بەڵام رق و کینەیان کردە هاودەمی ژیانم». ئەمە وتەی (فریشتە)یە کە لە دوای مردنی دایکی لە خوێندن بێبەشیانکردوە.**

فریشتە، تەمەن ١٤ ساڵ، ناوی خوازراوی کچێکی یەکێک لەگوندەکانی سنوری گەرمیانە، سەبارەت بە دابرانی لەخوێندن بە قوڵپی گریانەوە وتی: «دایکم لەسەیارە وەرگەڕا و مرد، من و براکەم بەجێماین، خزم و خەڵکی لۆمەی باوکمیان دەکرد کە ژن بهێنێت و تائێمەی بێ دایک بەخێو بکات، بەگەیشتنی باوەژنم دەرگای دۆزەخ بۆ من وبراکەم والابو، باوەژنم بەبیانو و بۆڵە کێشەی بۆم دروستدەکرد، بەو هۆیەش باوکم بە من و براکەمی وت ئەگەر پێمبکرایە فرێتانم دەدا».

وتیشی: خەم لەدوای خەم و هەژاری تەنگی بە خێزانەکەمان هەڵچنی و منیان کردە هۆکاری کێشەکان و هەژاری، لەقوتابخانە یەکەمی سەر ناوەندەکەی خۆمان بوم، لە پۆلی شەشی بنەڕەتی هەمو مامۆستا و بەڕێوبەرەکە رێزی زۆریان دەگرتم و خۆشیان دەویستم، ساڵی پار باوەژنم وباوکم وتیان لە قوتابخانە دەرت دەکەین نەیان هێشت دەوامبکەم، دواتر هەرچی مامۆستا هەیە هاتنە ماڵ لای باوکم و باوەژنم، کەچی رازی نەبون و لەخوێندن بێبەشبوم، خەون وهیواکانمیان لە گۆڕ نا.

رەنگە چیرۆکی (فریشتە)، نمونەیەک بێت لە دەیان چیرۆکی هاوشێوە، کاتێک خێزانەکان زۆر بەسانایی رێگە لە خەون و خولیای کچەکانیان دەگرن و لێناگەڕێن خوێندن تەواو بکەن، ئەگەرچی تواناشیان زۆر باش بێت.

بە رای توێژەرێکی دەرونی، ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆکار بۆ دروستبونی چەندین کێشە و گرێی دیکەی دەرونی.

کاروان فوئاد، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێمە لە هۆشیاربونەوەی ژن دەترسن، چونکە کرانەوە و فراوانبونی بیری ژنان، یەکسانە بە تێکشکاندنی دەسەڵاتی پیاوسالاری، بۆیە کلتور و دین هەوڵ بۆ حەرام کردنی خوێندنی ژنان دەدەن».

وتیشی: ئەم جۆرە مامەڵەکردنانە لەگەڵ ئافرەت دەبێتە هۆی توشبون بە یەک دونیا گرێوگۆڵی دەرونی و تێکشکاندنی کەسایەتی ئەو کەسە، کە زۆر جار دەبێتە هۆی دروستبونی لێکەوتەی خراپ.

ئەگەر ئەمە دیوێکی حاڵەتەکە بێت، ئەوا دیوێکی تری پاڵنەری ئابوری هەیە، ئەمەش بە رای چاکوانێک.

ژینۆ خەلیل، چالاکی بواری ژنان و منالان لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: لەم ساڵانەی دوایی دا بەهۆی قەیرانی داراییەوە منالان بەگشتی و کچان بەتایبەتی دابڕێنراون لەبەر خوێندن، ئەمەش زیاتر لە گوندەکان رەنگی داوەتەوە و خێزانەکانیان پێیانوایە کچان پێویستیان بەوەرگرتنی بڕوانامە نییە هەر ئەوەندە بەسە بزانن بنوسن و بخوێننەوە.

وتیشی: «ئەمە لە کاتێکدا بەپێچەوانە هاندەری کوڕەکانیانن بۆ تەواوکردنی خوێندن».

بەدەر لە کەمی ئاستی هۆشیاری خێزانەکان، دانەمەزراندن و هاوسەرگیریی پێشوەختە، لە هۆکارەکانی دیکەی دابڕینی کچانن لە خوێندن.

بەڕێز عەباس، شارەزا لە بواری پەروەردە، وتی: «یەکێک لەهۆکارەکانی دابڕانی کچان دەگەڕێتەوە بۆ دانەمەزراندنیان لە داهاتودا و پێیانوایە خوێندن لە ئێستا جگە لەبەفیڕۆدانی تەمەن هیچی دیکە نییە، هەروەها دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختە هۆکارێکی دیکەیە بۆ وازهێنانی کچان لە خوێندن».

لایەنی پەروەردە هیچ ئامارێکی لەبارەی دابڕینی کچان لە خوێندن لە بەردەستدا نییە، بەرپرسێکی پەروەردەش جەختدەکاتەوە کە ئەم حاڵەتە نەبوە بە دیاردە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، لەوبارەوە وتی: «ئامارێک لەبەردەستدا نیە سەبارەت بە دابڕانی کچان لە خوێندن، چونکە نەبوە بەدیاردە، ئەوەشی هەیە زیاتر لە گوندەکانە، بەهۆی ئەوەی لەبەشێکی زۆری گوندەکان خوێندنگەی ئامادەیی نییە، بۆیە خێزانەکان رێگە نادەن بە کچەکانیان بڕۆنە شوێنێکی تر بخوێن».

لەبەرامبەردا شارەزاکەی بواری پەروەردە پێیوایە ئەگەر حاڵەتەکەش کەم بێت، بەڵام دەبێت هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی بدرێت.

بەڕێز عەباس، وتی: «بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە دەبێت خوێندنگا رۆڵێکی چالاک و گرنگ بگێڕێت، هەروەها بونی توێژەری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە لە ناوەندەکان بۆ ئەوەی بەڕۆڵی خۆی هەستێت و کچان هوشیار بکاتەوە بەوەی لەو تەمەنەدا هاوسەرگیری گونجاو و دروست نییە و درێژە بەخوێندن بدەن».



# «جاری واهەبوە دەفتەرێک دۆلارم داوە بە نوشتەیەک»

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**(سارا) بۆ ئەوەی ئەمجارەیان جیاواز لەهاوسەرگیریەکەی تری ببێتە خاوەنی بەختێکی باش و هاوسەرێکی گونجاو، پەنای بۆ نوشتەکردن برد، بەڵام نەک هەر هیواکەی سەری نەگرت، بەڵکو ماوەی ساڵێک لە چاوەڕوانی دا هێشتیەوە، هەمو رۆژێک چاوەڕێی روداوێکی لەناکاوی دڵخۆشکەری دەکرد کە روینەدا.**

ئەگەرچی بەپێی ئاین قەدەغەکراوە و لە زانستیشدا جگە لە وەهم و ئەفسانە چیتر نیە، بەڵام هێشتا بازاڕی نوشتەکردن لەلای ژنان گەرمە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بەمەبەستی بەجێهێنانی ئاوات و حەزی جۆراوجۆر، پەنا بۆ نوشتەکردن دەبەن.

بەشێک لەوانە، دەیانەوێت لەرێگەی نوشتەوە «گرێی بەختیان» بکرێتەوە و دەرفەتی باشتر بێتە رێی ژیانیان.

سارا، ٣٠ ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکی دانیشتوی شاری کەلارە و پیشەی فەرمانبەرە، نمونەی یەکێکە لەو ژنانەی نوشتەی کردوە. بۆ (نەوژین) وتی: بەهۆی نەگونجانم لە گەڵ مێردەکەم لێی جیابومەوە، نارەحەتی و نەهامەتی زۆرم دی، بڕیارم دا نوشتە بکەم بۆئەوەی بەختم بکرێتەوە.

ئەو ژنە سەردانی یەکێک لە فاڵچیەکانی کەلاری کردوە و بە بڕە پارەیەک نوشتەی بۆ کردوە «دوجار نوشتەم کرد، هەر جارەو ١٢٠ هەزارم دەدا».

ئەوەی (سارا) نائومێد دەکات ئەوەیە کە هەم پارەکەی رۆشتوە و هەمیش ئەوەی ویستویەتی بۆی دەستگیر نەبوە، جگە لەوەش لەروی دەرونیەوە توشی نارەحەتی کردوە بەوەی بەردەوام لەژێر فشاری دەرونیدا بوە کە ئاخۆ ئیشەکەی سەردەگرێت یان نا؟

ئەگەر ئەم ژنە بۆ ئەوە نوشتەی کردوە هاوسەرێکی باشتر لەوەی یەکەمجاری توش ببێت، ئەوا ژنانی دیکە لەکاتی بونی ناکۆکی و لەپێناو مانەوەیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان، پەنا بۆ نوشتەکردن دەبەن.

ئەژین، ٣٥ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، باس لەوە دەکات مێردەکەی ویستویەتی جیاببێتەوە لێی، ئەویش بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە، پەنای بۆ نوشتەکردن بردوە، بەڵام ئەوەی چیرۆکەکەی ئەم جیاواز دەکات لەوانی تر، ئەوەیە کە پاش ماوەیەک هاوسەرەکەی هاتوەتەوە بەشوێنی دا و پێکهاتونەتەوە.

وەک ژنان باسی لێوەدەکەن، شێوازی نوشتەکان جیاوازن، کەسانی نوشتەکەر کە هەندێکجار بە ساحیریش ناودەبرێن، داوای شتی جیاواز دەکەن.

(ئەژین) وتی: «ساحیرەکە یان داوای وێنەی ئەو کەسە دەکات، یان پارچە قوماشێکی کەسەکە، یاخود داوای مەڕێکی کردوە بە خوێنەکەی نوسین لەسەر وەرەقەیەک بکات، پاشان دوعاکە لە ناو خۆڵ دا بشاریتەوە یان بەخۆتیەوە هەڵیواسی».

نوشتە تەنیا بۆ خۆشەویست بون لای کەسی بەرامبەر بەکارناهێنرێت، بەڵکو هەندێکجار دژی کەسێکیش بەکاردەهێنرێت.

ئامینە، ناوی خوازراوی ژنێکی ٥٠ ساڵە، خۆی بەوە دەناسێنێت کە بەردەوام نوشتە دەکات.

وتی: «هەندێکجار دەفتەرێک دۆلارم داوە بە نوشتە، جارێکیان دژ بە خێزانێک کردم، جارێکی تر بۆ جیابونەوەی براکەم لە براژنم».

ئەو کە ژنێکی دەوڵەمەندە، دەڵێت: «گرنگ کارەکەم سەر بگرێت، پارە هیچ گرنگ نەبوە بە لامەوە».

ئەم کارەی ئەو سێ ژنە کردویانە، بەوتەی زانایەکی ئاینی لە ئیسلامدا قەدەغەکراوە.

مەلا ئەحمەدی شافیعی، زانای ئاینی و ئیمام و پێشنوێژ، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ئەو کەسانەی سەردانی ساحیرەکان دەکەن، ٤٠ رۆژ رۆژ و نوێژیان قبوڵ نیە»

رونیشیکردەوە: «تەنیا ئەو دوعا رێگەپێدراوە خۆت بۆ خۆتی بکەی، نەک لە رێگەی ساحیر و مەلا و فاڵچیەکانەوە داوابکرێت بیکەن».

ئەم کارە لە زانست دا هیچ بنەمایەکی نیە و هیچ کاریگەرییەکی نیە و ئەوەی لەبارەیەوە دەوترێت وەهم و ئەفسانەیە.

سامان سیوەیلی، شارەزای دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «هیچ شتێک بونی نیە بە ناوی سیحر و لایەنی رۆحانی، خەیاڵێکە و خەڵکی دەرون نەخۆش دوای کەوتون»

نەیشاردەوە کە بەشێکی زۆری خەڵک سەردانی نوشتەکار و ساحیرەکان دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە مەبەستیانە، بەڵام پێیوایە «ئەو کەسانە پێویستە سەردانی پزیشک بکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر، بەهۆی ئەو بیرکردنەوە بیر و باوەڕەوە کە هەیانە».

نوشتە و جادو بەپێی بنەما یاساییەکان رێگەپێنەدراوە، بەڵام ئایا لەگەرمیاندا چیکراوە بۆ رێگەگرتن بەم حاڵەتە؟ ئایا تائێستا لەلایەن پۆلیسەوە هیچ کەسێک لەسەر ئەم کارە دەستگیرکراوە و هیچ جێگایەک داخراوە؟

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، عەلی جەمال، لەوەڵامدا وتی: «تاوەکو ئێستا یەک سکاڵا هاتۆتە لامان بۆ داخستنی شوێنی فاڵچی، بەڵام لە سنوری هەرێمی کوردستان نەبوە نەمانتوانیوە دایخەین».

هاوکات داواش لەهاوڵاتیان دەکات لەکاتی بونی شوێنی لەوشێوەیەدا ئاگاداریان بکەنەوە، بۆ ئەوەی رێکاری یاسایی دژ بە کەس و شوێنەکە بگرنەبەر.



# لە دەربەندیخانەوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق





■ نەوژین

**خەیاڵ حەمە، دەبێتە یەکەم کچە یاریزانی دەربەندیخان و سنورەکە کە دەتوانێت لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق دا لە یاری تۆپی باڵەدا یاریی بکات.**

لەم رۆژانەی رابردودا هەڵبژاردەی باڵەی کچانی عێراق، بە فەرمی بانگهێشتی کچە یاریزان (خەیاڵ حەمە)ی کرد بۆ ریزەکانی، لە کاتێکدا ئەو کچە ماوەی چەند ساڵێکە لە بواری وەرزش و یاری باڵەدا بە تایبەتی چالاکە.

خەیاڵ حەمە، لە ساڵی (١٩٩٦) لە شاری دەربەندیخان هاتوەتە دونیاوە، هەر لەمناڵیەوە روی لە وەرزش و بەتایبەت یاری باڵە ناوە.

بەدرێژایی ساڵانی وەرزشکردن و راهێنانی، توانیویەتی پەرە بەئاستی خۆی بدات و بوە بە کاپتنی تیپی باڵەی کچانی یانەی وەرزشی دەربەندیخان.

لەپاڵ یاریکردنیشی دا، هەوڵیداوە کە رۆڵی هەبێت لە پێگەیاندنی کچانی دیکە دا و بۆ ئەم مەبەستەش فێرگەیەکی تایبەتی وەرزشیان لە شارەکەیان کردوەتەوە و لەرێگەیەوە راهێنانیان بە کچان کردوە و فێری بنەماکانی یاری باڵەیان کردون، پاشان بۆ ئاستە جیاوازەکانی تیپی باڵەی کچانی یانەکەیان بەرزیان کردونەتەوە.

ئەو ئاستەی کە ئەم کچە وەرزشکارە پێشکەشی دەکات لە یاریکردندا، سەرنجی راهێنەر و ستافی تەکنیکی هەڵبژاردەی باڵەی کچانی عێراقی راکێشاوە، هەربۆیە لە سەرەتای مانگی ئابەوە بانگهێشتیان کردوە بۆ ئەوەی لە ریزی هەڵبژاردەکەدا یاریی بکات.

(خەیاڵ) لەو روەوە دڵخۆشیی خۆی دەردەبڕێت و لە پەیامێک دا سوپاسی پشتیوانی و هاوکاریی هەمو لایەک دەکات.

دەڵێت: «سوپاس بۆ خوا بەشێک لە ئاواتەکانم هاتنە دی».

ئەو بەدیارییکراوی سوپاسی راهێنەرەکەی (بەڕێز عەلی) دەکات و بەوە وەسفی دەکات کە «هەمو کات وەک قەڵایەک لە پشتم بوە و فێری یاری باڵە و هەمو سیفاتە جوانەکانی وەرزشکاری کردوم».

(خەیاڵ) لە دیدارێکی پێشوتری (نەوژین) دا کە ساڵی پار لەگەڵی دا ئەنجامی داوە، باس لە گرنگیی بەردەوامیی و پێداگیریی کچان دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، وادیارە هەر ئەم بنەمایەشە کە وایکردوە ئەو کچە لە قەزایەکی دورەدەستەوە، سەرنجی بەرپرسانی وەرزشی عێراقیی رابکێشێت و رەنگە بشبێتە ئەستێرەیەکی بواری وەرزشی مێینە لە وڵات دا.

# لە یوتیوبەوە نمایشی کارەکانیان دەکەن

■ نەوژین، فاتمە جمعە

**بۆ ئەوەی هونەرەکەی بە خەڵکی بناسێنێت، (کیژان) لە بری پەنا بردنە بەر رێگە تەقلیدییەکان، رێگەیەکی تازەی گرتە بەر کە ئەویش (یوتیوب) ە، وادیارە رێگە تازەکە سەرکەوتو بوە و بەوهۆیەوە زۆرێک تەماشای وێنە و نیگارە کێشراوەکانیان کردوە!**

یوتیوب کە یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان و تایبەتە بە پەخشکردنی ڤیدیۆ و گرتەی جۆراوجۆر، لەو پێگە و ئەپە بەربڵاوانەی ئینتەرنێتە کە هاوڵاتیان بە زۆریی بەکاری دێنن.

لەنێو ئەم تۆڕەدا کەسانێک هەن کە بە «یوتیوبەر» ناسراون، ئەمانە کەسی ئاسایین و لە هەژماری خۆیانەوە لە تۆڕەکە، ڤیدیۆ بڵاودەکەنەوە، ئەگەر تەماشاکەری ڤیدیۆکانیش زۆربێت، ئەوا تۆڕەکە بڕێک پارە بەپێی ژمارەی بینینەکە دەدات بە یوتیوبەرەکە.

لە کوردستانیشدا زۆر کەس بون بە «یوتیوبەر»، هەندێک لەوانەش ژنن، ئەگەرچی ئەوان وەکخۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، ئامانجەکانیان کەمتر مادییە، بەقەدەر ئەوەی دەیانەوێت بابەتە جۆراوجۆرەکان بە زمانی کوردیی لەو تۆڕەدا، زیاتر بکەن.

کیژان سەید گوڵ، ٢٢ ساڵ، کچێکی نیگارکێشی دانیشتوی سلێمانیە، یەکێکە لەوانەی کاری یوتیوبەریی دەکات.

وتی: «زۆر دەمێک نابێت کە کاری یوتیوبەریی دەکەم و بەدیارییکراویی لەساڵی ٢٠١٨ دا کەناڵی خۆمم لەو تۆڕە دروستکرد، ئامانجی سەرەکیشم پیشاندانی کارەکانمانە».

کەناڵەکەی (کیژان) ناوی «kizha Art»ە و تیایدا ڤیدیۆی تایبەت بە کارە نیگارکێشییەکانی بڵاودەکاتەوە.

«یوتیوب گەورەترین و پڕ بینەرترین تۆڕی کۆمەڵایەتیە، تاکو بتوانی ئەوەی دەتەوێت بە زۆرترین کەسی بگەیەنیت، بۆیە منیش هەوڵدەدەم لێرەوە کارەکانم بە زۆرترین کەس بگەیەنم». (کیژان) وای وت.

بەشێکی تر لەو ژنانەی خاوەنی کەناڵی خۆیانن لەیوتیوب، لەرێگەی کەناڵەکەیانەوە فێرکاریی لەبوارە جیاوازەکان دا بڵاودەکەنەوە.

رازاو ئەمین، ٢٧ ساڵ، خانمە یوتیوبەرێکی کوردە، کەناڵێکی داناوە بەناوی «ishy dast» و ناوەکەیشی بەخۆیەوەیە، ئیشی دەستیی نمایش دەکات.

«هەستم کرد ڤیدیۆی کەم هەیە لەبواری چنیندا بەزمانی کوردی، بۆیە هەوڵمدا کەناڵێک دروست بکەم لە یوتیوب و ڤیدیۆی بەسود بڵاوبکەمەوە». (رازاو) وای وت.

درێژەی دا «ماوەی دو ساڵە لە رێگای فیرکاریەکانمەوە خانمان فێری کاری دەستی دەکەم، جگە لە کاری دەستی، ڤیدیۆی دروستکردنی خواردنیش بڵاو دەکەمەوە».

ئاماژە بەوەشدا کە لە روی مادییەوە تائێستا قازانجێکی ئەوتۆی نەکردوە «هیچ قازانجێکم نەکردوە، هەرچەندە بڕێکی کەم پارە هاتوەتە سەر ئەکاونتەکەم، بەڵام بەو پێیەی لە کوردستان راکیشانی زەحمەتە و بڕەکەیشی ئەوەندە نیە، رامنەکێشاوە».

لەگەرمیانیش کیژانمان هەن کە گرنگیی بە کاری یوتیوبەریی دەدەن و لەرێگەی کەناڵ و هەژمارەکانیانەوە، ڤیدیۆی جۆراوجۆر بۆ سودی گشتی بڵاودەکەنەوە.

سنور ئەحمەد، ٢٨ ساڵ، دانیشتوی کەلارە، کەناڵێکی لە یوتیوب دا هەیە بەناوی «snwryta»، تیایدا بنەما دروستەکانی وەرزشکردن بڵاودەکاتەوە.

وتی: «ماوەی ٣ مانگە ڤیدیۆ لە کەناڵی خۆم لەیوتیوب بڵاو دەکەمەوە، زیاتر ئەو ڤیدیۆیانەی لەکەناڵی تر دەبینم و دەزانم سودی هەیە لەبواری وەرزشی، لەکەناڵەی خۆم بڵاویان دەکەمەوە».

زۆرجار نەبونی بینەری باش بۆ ئەو ڤیدیۆیانەی کە بڵاوی دەکەنەوە، نیگەرانی بۆ خاوەنانی کەناڵەکان دروست کردوە.

(سنور) دەڵێت: زۆرجار بینەری ڤیدیۆی زانیاری کەمترە لە ڤیدیۆکانی تر، بەڵام ئەمە وایلێنەکردوم دەست لەکاری بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ هەڵبگرم، چونکە ئامانجی من بەخشینی زانیارییە لەبواری وەرزشی دا بۆ ژنان.

ئەم پێداگیریە لەسەر بەردەوام بون، بە رای (کیژان) هۆکاری سەرکەوتنە لە بوارەکەدا.

ئەو لە گوزارشتێک دا کە وەک رێنمایی پێشکەش بە ژنانی دیکەی کرد، وتی: «پێش هەمو شتێک دەبێت ئامانج و بوارێک هەڵبژێرن بۆ کارکردن و مەرجیشە خولیا و سەلیقەیان لەوبوارەدا هەبێت، دواتر دەبێت زۆر دڵنیابن لەوەی کە بەردەوام دەبن، چونکە بەردەوامبون هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت».

# بۆچی هاوسەرگیری نێوان خزمان خراپە؟

■ نەوژین، ژینۆ خەلیل

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باس لەوەدەکات کە هاوسەرگیری لەنێوان خزمان زۆرجار سەردەکێشێت بۆ کێشە و گرفتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خێزانی، هەروەک زۆرجار کچان و کوڕان لەم پرۆسەیەدا دەبنە قوربانی، پێشنیازیش دەکات کە ڕێکخراوەکان و ناوەندە ئاینیەکان ڕۆڵ بگێڕن بۆ کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتە تا ئاستی کۆتایی پێهێنانی.**



هاوسەرگیری نێوان خزمان، یەکێکە لە جۆرە بڵاو و دیارەکانی هاوسەرگیریی لە کوردستان دا، ئەم حاڵەتە لەگەرمیانیشدا بەربڵاوە.

پرسیار ئەوەیە: ئەم خراپیەکانی ئەم هاوسەرگیرییە چییە؟ بۆچی وەکو یەکێک لەو شێوازانە وێنادەکرێت کە لەڕێگەیەوە مافی ژنان پێشێلدەکرێت؟ چۆن دەتوانین روبەڕوی ئەم حاڵەتە بینەوە؟

چالاکی بواری ژنان و توێژەری کۆمەڵایەتی: (ژیان عەدنان) لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا، وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بەم دیاردەیەوە دەداتەوە.

*** سەرەتا بابزانین هاوسەرگیریی نێوان خزمان چیە و ئەمجۆرە پرۆسەیە چۆنە؟**

ئەم پرۆسەیە وەک لەناوەکەی دا دیارە، بریتیە لە هاوسەرگیریکردنی ئەو کچ و کوڕانەی کە خزمی یەکن (ئامۆزا، خاڵۆزا، پورزا) یان خزمەکانی تر کە دورترن، بۆنمونە: (ئامۆزازا و خاڵۆزازا و... هتد).

ئەمجۆرە هاوسەرگیریە بەزۆری لەناو ئەو خێزانانەدا دەکرێت کە زۆرتر تێکەڵاون لەناوخۆیاندا، ئەم کارەش وەکو درێژەپێدەری نەریتە کۆنەکان ئەنجام دەدرێت.

*** زیانەکانی ئەم هاوسەرگیریە چیە؟ ئایا ئەم هاوسەرگیرییە هەر دیوی خراپی هەیە؟**

وەک هەمو پرۆسەیەکی تر، ئەم بوارە دیوی باش و خراپیشی هەیە و لەمەشدا بەدەست خودی تاکەکان کەوتوە، بەڵام رەنگە خراپیەکانی زۆرتر بن و ئەوەی ئێمەش بینیومانە کە کاریگەری و لێکەوتەی خراپی دەبێت. بۆنمونە: ئەم پرۆسەیە لەروی تەندروستیەوە مەترسی زۆرترە، چونکە بەپێی بنەما زانستییەکان هاوسەرگیریی خزمان ئەگەری زیاتر بونی نەخۆشی لە وەچەکانیان دا زیاتر دەکات، هەروەک هەندێک نەخۆشی هەیە کە رەنگە لەم هاوسەرگیرییەدا زیاتر بن و بگوازرێنەوە، وەکو: (شەلەل دەماغ و تالاسیما و مەنگۆلی و ...هتد).

لە روی کۆمەڵایەتیشەوە، مەسەلەی دەستوەردان و تەداخولکردن لەم هاوسەرگیرییەدا زۆر دەبێت، واتا خێزانەکە زیاتر لە خێزانی تر روبەڕوی ئەوەدەبێتەوە تەداخول لە کاروبارەکانیانیان دا بکرێت، بەوهۆیەی زۆر تێکەڵ و نزیک بە یەکن.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە، زۆرجار کێشە و مەترسیەکان لە بری ئەوەی چارەسەر بکرێن لەم خێزانانەدا، ئەوا دادەپۆشرێن، ئەویش بەوهۆیەی دەوترێت خزم و کەسی یەکترین و واباشە قسەنەکەن و باسی ئەو کێشانە نەکەن، ئیتر ئەگەر مەسەلەکە زوڵمکردنیش بێت لە یەکێک یان لە هەردولای پرۆسەکە، بەڵام لەبەر عەیبەی کۆمەڵایەتی دادەپۆشرێت.

هەروەک یەکێکی تر لە خراپترین خاڵەکانی ئەم هاوسەرگیرییە، ئەوەیە کە زۆربەی کات بە خواستی هەردولا نیە و پرۆسەیەکی ئیجبارییە، واتا یان کچ یان کوڕ یان هەردولایان ناچار بەم هاوسەرگیرییە دەکرێن، بەو واتایەی ئارەزومەندانە نیە وەک هاوسەرگیرییەکانی تر.

*** کەوایا بۆچی ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجام دەدرێت؟**

زۆر هۆکار هەیە، بەڵام زۆرینەیان هۆکاری کۆمەڵایەتیین، لەوانە: زۆرجار خێزانەکان پێیان باشە کچەکانیان لەگەڵ کەسانی ناسراو و خزمی خۆیان هاوسەرگیریی بکەن، نەک بدرێت بە کەسێکی بێگانە یان نەناسراو کە نەوەک رێزی کچەکەیان نەگرێت.

هۆکارێکی تر ئەوەیە کە خێزانەکان پێیانباشە لەناوخۆیاندا گەورە ببنەوە، هەربۆیە رێگە بەوەنادەن لە دەرەوەی خۆیان هاوسەرگیری بکرێت.

هەروەها زۆر خێزان کە باری ئابوریان باشە، لە میراتیان دەترسن، پێیان باشە نەوەکانیان بدەن بە خزمەکانی خۆیان پێیانوایە بەوشێوەیە ئەو میراتەی بەریان دەکەوێت پارێزراوترە.

*** چ نمونەیەکی خراپ یان سلبیتان لەم حاڵەتانە لەبەردەست دا هەیە؟**

زۆر نمونەمان هەیە، بەڵام نمونەیەک کە لەم ماوەیەدا وەکو کەیسێک هاتبوە لامان، ئەوەیە کە ژنێک کە بە ئامۆزاکەی دراوە، باس لەوەدەکات ئەو هەرگیز نەیتوانیوە وەکو هاوسەرێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ مێردەکەی دا بکات، هەتائێستا شەرمی لێدەکات و وەکخۆی دەڵێت: «تەبیعەتی ناچێتەسەری»، تەنانەت وەک باسی لێوەکرد ناتوانێت دو قسەی ئاسایی لەگەڵدا بکات.

*** هاوسەرگیریی نێوان خزمان تاچەند پەیوەستە بە هاوسەرگیری پێشوەختەوە؟**

یەکێک لە روکارەکانی تری ئەم هاوسەریگرییە، ئەوەیە کە زۆرجار خزمەکان پێش ئەوەی پێبگەن بۆ یەکتری ماردەبڕێن و تەنانەت هاوسەرگیری ناو بێشکەش هەر لەمچوارچێوەیەدایە. ئەگەرچی ئێستا ئەم حاڵەتانە زۆر کەم و سنوردار بوە، بەڵام هێشتا هەر ماوە، چونکە ئێستا جیاواز لە جاران بواری هەڵبژاردنی کچ و کوڕ زۆر فراوانتر بوە، ئەویش بەوهۆیەی خەڵکی تێکەڵاوی یەکتر بون و دەرفەتی یەکتر بینینی کچان و کوڕان زیاتر بوە، وەک پێشو نیە کە هەر لەناو یەک خێزاندا پرۆسەکە قەتیس دەما.

*** چارەسەر چیە بۆ ئەوەی رێگە بەم حاڵەتە بگیرێت؟**

پێویستە خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە، هۆشیاریی بناغەی هەمو شتێکە، بۆ هۆشیاریش هەر ژنان بەس نین، بەڵکو پێویستە پیاوانیش هۆشیار بن بەوهۆیەی زۆرتر پیاوان بڕیار بەدەستن.

هەروەک ئەرکی رێکخراوەکان و رێکخراوەکانی ژنان و تانانەت مزگەوت و ناوەندە ئاینیەکانیشە، کە رۆڵیان هەبێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەمبارەیەوە.

# گێچەڵی ئەلکترۆنی و شکاندنی شورای بێدەنگی

■ ئاسۆ وەهاب*

**زۆرجار وشەیەک زۆر زۆر ئازاری کەسێک دەدات، چ جا گرتەیەکی ڤیدیۆ یان وێنەیەک یان پۆستێکی لێوانلێو لە وشەی نەشیاو و نەگونجاو، لەکاتێکدا ئەم بابەتە بارێکی دەرونی ئاڵۆز دەخوڵقێنێ، هاوکات بێدەنگی قوربانیان لەئاست ئەم جۆرە تاوانانە وا دەکات دەستدرێژیکەران زیاتر پا راکێشن.**

ئەوەی رۆژانە بە هۆی سروشتی کارەکەمەوە دەیبینم و مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، ناشرینترین جۆری دەستدرێژییە لەسەر مافی مرۆڤ و مافی کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤەکان، بەتایبەت رەگەزی مێینە، ناوزڕاندن لەڕێگەی وێنەیەکی دەستکاریکراو بە فۆتۆشۆپ و بڵاوکردنەوەی لەسەر تۆڕی فەیسبوک یان تویتەر لوتکەی بێ مۆراڵی ئەو کەسەیە کە ئەنجامی دەدات.

ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان روداوی تاکە کەسی تێپەڕاندوە و سوپا ئەلکترۆنییەکانی حیزبەکانیشی گرتوەتەوە، کاتێک لە دۆخە سیاسییەکاندا کەسایەتییە سیاسییەکان بەتایبەت ژنان دەکەنە ئامانجی کارە بێ مۆراڵەکانیان.

گێچەڵی ئەلکترۆنی دیاردەیەکی جیهانییە و وابەستەی تەنها کلتورێک نییە، هاوکات هیچ کۆمەڵگەیەک لێی پارێزراو نییە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە هیچ یاسا و بەربەستێکی یاسایی و پەروەردەیەکی دیجیتاڵی دروست نییە بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە.

ئەزمونە بیانییەکان ئەوەیان سەلماندوە کە تەنها یاساکان ناتوانن بەربەست بن بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردەیە، بگرە پێویستە هەمو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەشدار بن لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەم دیاردە قیزەونە کە لەکۆمەڵگە داخراوەکانی هاوشێوەی کوردەواری باجەکەی بە ژیانی مرۆڤەکان دەدرێت.

لێرەدا چەند راسپاردەیەک بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە دەخەمەڕو:

١. هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە:
جەختکردنەوە لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەموان ئاشنای ئەم دیاردەیە بن و مەترسییەکانی بزانن، بەتایبەت لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکان و پەیمانگاو زانکۆکان.

٢. هەڵسەنگاندن:
هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ ئاستی تەشەنەکردنی دیاردەکە لەناو کۆمەڵگە، لە رێگەی راپرسییەوە.

٣. تیمی تایبەت:
بونی تیمی تایبەت لە دامەزراوە حکومییەکان و قوتابخانە و خوێندنگەکان و پەیمانگاو زانکۆکان، بۆ بەگژداچونەوەی هەر هەوڵێکی گێچەڵی ئەلکترۆنی.

٤. راهێنان:
راهێنانی مامۆستایانی قوتابخانە و خوێندنگەکان و پەیمانگاو زانکۆکان، تا هۆشیاری لەبارەی دیاردەکەوە بڵاوبکەنەوە.

٥. یاسای تایبەت:
دەرکردنی یاسای تایبەت بەم دیاردەیە و سزادانی ئەوانەی گێچەڵ دەکەن.

٦. دیاریکردنی پێشێلکارەکان:
دیاریکردنی ئەو کەناڵانەی کە زۆرترین رێژەی گێچەڵی تیایدا رودەدات و هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە بارەیەوە.

* راهێنەر لە بواری ئاسایشی ئینتەرنێتی



# ژنانی ئێزدیی... لە دۆزەخی داعشەوە بۆ دۆزەخی کۆمەڵگا



«تائێستاش خەو بە رۆژە رەشەکەی هاتنی داعشەوە دەبینم»

«ئەو ژنانەی گەڕاوەن و خاوەنی منالّن، دو بژاردەی نەرێنیان لەبەردەمدایە»

■ لەیلا ئەحمەد*

**بەنیسبەت (گ)ەوە، روداوەکە وەک ئەوەیە دوێنێ رویدا بێت نەک ٥ ساڵ پێشتر، ئەو هێندە شۆک بوە بە گەورەیی تاوانەکە، سەرباری دەربازبونیشی بە زیندویی لێی، بەڵام دڵخۆش نیە و ناتوانێت ئەو گشتە زەبرە دەرونیەی بەری کەوتوە، بشارێتەوە. ئەو یەکێکە لەو ژنە ئێزدیيانەی کە داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا رفاندنی.**

بەرەبەیانی رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤، دانیشتوانە ئێزدییەکەی شەنگال و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری، بە دەستپێکی رەشترین رۆژی ژیانیان چاویان کردەوە، کاتێک چەکدارانی سەر بە داعش پەلاماریان دان و زیاتر لە شەش هەزار کەسیان لێ دەستبەسەر کردن و ئەوانی دیکەش ئاوارە بون، دەستبەسەرەکان یان کوژران، یاخود کران بە کۆیلە و مامەڵە و بازرگانییان پێوە کرا.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بەئێزیدیەکان بڵاویکردوەتەوە، ژمارەی ئەوان لەعێراق دا نزیکەی ٥٠٥ هەزار کەسن. سەروی ٣٦٠ هەزار کەسیان بەهۆی هاتنی داعشەوە ئاوارەبون، هەر لە یەکەم رۆژی هاتنی داعشیش دا هەزار و ٢٩٣ کەسیان شەهید بون، ئەو منالانەشی کە بەهۆی ئەو هێرشانەوە بێباوک بون، ٢ هەزارو ٧٤٥ کەسن کە زۆرینەیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ دا دەشاردرانەوە کە تائێستا تەنها لە شەنگال ٨٠ گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو قوربانیانە دۆزراونەتەوە.

ژنان دیارترین قوربانیانی ئەو تاوانە بون، سەرباری کوژرانی ژمارەیەکی زۆریان، بەشێکی زۆرتریشیان هێڵرانەوە لە ژیان بۆ ئەوەی وەکو کۆیلەی سێکسی «سەبایا» بەکاربهێنرێن و کڕین و فرۆشتیان پێوە بکرێت.

ژنانی ئێزیدی روبەروی توندوتیژی جەستەیی ودەرونی و زارەکی و ئەشکەنجە و دەستدرێژی سێکسی بونەوە، هەندێکیان بەپارە کڕدران ولێیانیش ئازاد کران و بەشێکیانیش هەڵهاتن.

ژنە ئێزیدیەکان دوای رزگاربونیان لەدەستی داعش، ژیانیان بە شپرزەیی و ناخۆشیی ماوەتەوە، بەتایبەتی کە زۆرینەیان لە کەمپەکان دا دەژین و کەسوکار و خێزانەکانیان لەدەستداوە.

(گ. ب. ک)، ٣٣ ساڵ، یەکێکە لەو قوربانیانە، دەڵێت: ئەو ئێوارەیەی بەخێزانەوە کەوتینە دەستی داعش، مامم و کوڕەکانی بەبەرچاومانەوە کوژران و ماڵی باوکمیان راپێچ کرد، لەهەمویان دابڕام و زۆر دەترسام لەدیار نەمانی خێزانەکەم، بەناچاری هەر چاوەڕێی دۆزینەوەیانم دەکرد.

ئەو ژنە دوای مانەوەیەکی زۆر لەعێراق و چاوەڕوانێکی زۆر لەنەدۆزینەوەی ماڵی باوکی و رزگار نەبون لە رێکخراوی داعش، بەزۆر لەگەڵ هەزاران کەسی تردا راپێچی وڵاتی سوریا کراوە.

(گ.ب.ک) دەشڵێت: پێش ئەوەی بمانبەن بۆ سوریا نائومێدبوم و دەترسام لەو رۆژەی ماڵی باوکم نەبینمەوە و نەمدەزانی چیمان بەسەر دێت، نانیان پێنەدەداین و پێیان دەوتین کافر، ئەشکەنجە و رەفتاری نەشیاویان بەرانبەر کردین.

(گ) بڕیاری خۆ رزگارکردن دەدات، بەڵام سەرباری چەندین هەوڵ، سەرکەوتو نابێت. سەرەنجام پاش ٢ ساڵ و ٧ مانگ لەچاوەڕوانی، رزگاری بو.

ئازارەکانی ئەو ژنە پاش رزگاربونیشی درێژەی هەیە «ئەوەی بوە مۆتەکەی ژیانم و لەهەموی ناخۆشتر بوو کاتێک گەڕامەوە بۆ دهۆک نەزانینی چارەنوسی خێزانەکەم بو». (گ) بەخەمگینیەوە وای وت.

ئەو ژنە باسی لەوەکرد کە ژیانیان هەموی بوەتە چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکارەکەیان، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی بەسەریاندا هاتوە، توشی کێشەیەکی دەرونی و خەمۆکی بون «تائێستاش خەو بە رۆژە رەشەکەی هاتنی داعشەوە دەبینم و مۆتەکە دەمگرێت».

لەدواین راگەیەنراوی نوسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزیدی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، توانراوە سێ هەزار و ٤٨٦ ئێزیدی لەدەستی داعش رزگار بکرێن.

بەپێی نوسینگەکە، ژمارەی ئەو ئێزیدیانەی کە داعش رفاندونی ٦ هەزار و ٤١٧ کەس بون، لەو رێژەیە ٣ هەزا رو ٥٤٨ یان لە رەگەزی مێ و ٢ هەزار و ٨٦٩یان لە رەگەزی نێر بون.

نوسینگەکە رایگەیاندوە ئەو ئێزیدیانەی هێشتا لەدەستی داعش ماون، ٢ هەزار و ٩٣٠ کەسن و ژمارەی مێینەکان هەزار و ٣٣٨ کەسە و هەزار و ٥٩٢ کەسیش نێرینەن.

سەبارەت بەئاماری رزگارکراوانیش، نوسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزیدیەکان، ئەوەی خستوەتەڕو کە ژمارەیان ٣ هەزار و ٤٨٧ کەسن، لەکۆی گشتی ئەو ژمارەیە هەزار و ١٨٦یان ئافرەتن و ٣٣٧یان پیاون و هەزار و ٢٤ کەس منالّی مێینەن و ٩٤٠ کەس منالّی نێرینەن.

یەکێک لەو بوارانەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چ ناوخۆیی و جیهانیەکان گرنگییان پێداوە، دوبارە بونیادنانەوەی لایەنی دەرونی ئەو رزگارکراوانەیە بەتایبەتی ژنان و منالان، کە روبەڕوی زۆر زەبری دەرونی و جەستەیی بونەتەوە.

چیمەن رەشید عەبدولعەزیز، بەڕێوبەری رێکخراوی (ژیندا) لە دهۆک کە لە کەمپی ئێزیدییەکان دا چالاکن، ئاماژەی بەوەکرد کە لەگەڵ رێکخراوی وادی ئەڵمانی و رێکخراوی هارتلاند، چەند ساڵێکە سەنتەرێکیان کردوەتەوە بۆ ئەو ژن و منالانەی کە رزگارکراون.

وتی: «سەنتەرەکەمان تایبەتە بە ژن و منالانی خوار تەمەنی ١٨ سالان کە رزگاربوی دەستی داعشن و باری دەرونیان خراپە و پێویستیان بەهاوکاری و گەڕانەوەیانە بۆ نێو ژیان، توانیومانە هاوکاریی باشبونی باری دەرونیان بین و بیانگەڕێنینەوە دۆخی ئاسایی خۆیان».

ئاماژەی بەوەشکرد ئەو ژنە ئێزیدیانەش کە رەوشی تەندروستی و دەرونیان زۆر خراپبوە، ئاسانکاریان بۆیان کردوە وەکو دەرکردنی ناسنامە و راپۆرتی پزیشکی و پاسەپۆرت و دواتر رەوانەکردنیان بۆ هەندەران.

ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوە و ژیانی ئێستایان لە کەمپ و ئاوارەیی دا، وایکردوە روبەڕوی زۆر کێشەی تری دەرونی و ژیانی ببنەوە، ئەمەش رێکخراوەکانی هانداوە کە کار لەسەر ئەم بوارە بکەن.

شۆخ محەمەد، سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە دهۆک، وتی: لەساڵی ٢٠١٤وە تائێستا لەنێو ئێزیدیەکانین و ئامادەی هاوکاری و یارمەتیدانی مادی و مەعنەوین و هەولّی لەناوبردنی ئەو توندوتیژیانەمان داوە کە بونی هەبوە.

وتیشی: زیاتر لەنێو خوێندنگەکاندا تیمی تایبەتمان بە بەرەنگاربونەوەی رەفتارە توندەکانی وەکو توندوتیژی دەرونی و جەستەیی و زارەکی دروستکردوە و چالاکی ئەنجام دەدەین بۆ هێورکردنەوەیان و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز و خێزانەکان.

ژنانی گەڕاوەی ئێزدیی، لەسەرەتاوە بە ئاسانی قبولّ نەدەکران لەلایەن کۆمەڵ و خێزانەکانەوە، بەڵام دوای فەتوایەکی رێبەری ئاینییان، خێزانەکان باوەشیان بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژنانە کردەوە، بەڵام هێشتا بەشێکی تر لە ژنان ماون کە دۆخ و رەوشیان بە مۆڵەقی ماوەتەوە، ئەوانیش بریتین لەو ژنانەی کە لەکاتی دەستبەسەربونیان، منالّیان لە چەکدارانی داعش و ئەو پیاوانە بوە کە کڕیویانن.

هۆکاری ئەوەی ئەم حاڵەتە بەمۆڵەقی ماوەتەوە، ئەوەیە کە نەتوانراوە لەروە ئاینیەکەیەوە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە باوکی منالّەکان لە پیاوانی داعشن و بە ئاین موسوڵمانن، ئەمەش وایکردوە ئەم دۆسیەیە قورستر بێت و نەتوانن منالّەکان لەسەر ناوی دایکەکان تۆمار بکرێن ولەناسنامەکانیاندا بە «موسوڵمان» لەقەڵەم بدرێن، ئەوەش لای کۆمەڵگەی ئێزیدی رێگەپێدراو نییە.

چیمەن رەشید، لەوبارەوە وتی: ئەو ژنانەی لەچەکدارانی داعش خاوەنی منالّن، دو بژاردەی نەرێنیان لەبەردەمدایە: رزگاربون لە دۆزەخی داعش بەبێ هێنانەوەی منالّەکانیان، یاخود مانەوە لەگەڵ منالّەکانیان لەسایەی ئەو رێکخراوەدا.

وتیشی: زۆریان بە ناچاریی و بەبێ رەزامەندی خۆیان، رێگەی یەکەم دەگرنەبەر و بۆ ناو خێزانەکانیان دەگەڕێنەوە، چونکە خێزانەکانیان بەتەنیا وەریان دەگرنەوە و ئامادەنین منالّەکانیان وەربگرنەوە.

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان



# منالّدانی سورِاو چیە؟




ئەوانەی نەخۆشیەکەیان هەیە نابێت قورسایی هەڵگرن

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەندێکجار ژنان و کچان منالّدانیان توشی سورِان دەبێت، ئەم حالّەتە چۆن رودەدات و چۆن بیناسینەوە؟ بۆ چارەسەرکردنیشی دەبێت چ رێگە و شێوازێک بگیرێتە بەر؟**

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم حالّەتە، (نەوژین) دیدارێکی سازداوە لەگەڵ (د. بوشرا مەرعی جارەڵڵا)، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منالّبون لە کەلار.

* سەرەتا بابزانین «منالّدانی سورِاو» چیە؟
منالّدانی سورِاو (وەرگەرِاو) شێوازێکی منالّدانی ژنانە، کە شتێکی ئاساییە لەئافرەتاندا و منالّدان بۆ لای دواوە دەچێت لەجیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە بێت.

*لەچ تەمەنێک زیاتر ئەم حالّەتە دەردەکەوێت؟
زیاتر لەسەروی تەمەنی ٣٠ سالّیەوە دەردەکەوێت.

* کەسێک منالّدانی سورِاوبێت، هەست دەکات بە نەخۆشیەکەی؟
بەڵێ، هەست بە قەبزی و چونە ژورەوەی هەوا بۆناو منالّدان و ئازار لەو بەشەی لاشەی دا دەکات.

* کەواتا نیشانەکانی ئەم حالّەتە چین؟
چەند نیشانەیەکی هەیە، کە دیارترینیان ئەمانەن:
١. بێزاری لەکاتی سەرجێی کردن و جوتبون دا.
٢. بونی ئازار لەکاتی سەرجێی کردن و جوتبون دا.
٣. هەندێکجار دروستبونی ئازار لەخوارەوەی پشت و هەوکردنی بۆریەکانی میز.

* هۆکارەکانی دروستبونی حالّەتی منالّدانی سورِاو چیە؟
چەند هۆکارێکی هەیە، لەم خالّانەدا کورتی دەکەینەوە:
١. منالّبونی سروشتی.
٢. هەڵگرتنی شتی قورس بە تایبەت لای کچان.
٣. راوەستانی سورِی مانگانە.
٤. شلبونی منالّدان، زۆرێک لە ژنان خۆیان منالّدانیان شلە.
٥. سکپرِی.
٦. روشان لەشانەکانی منالّدان بەهۆی هەوکردنی حەوز یان هەوکردنی بۆری منالّدان.

* چۆن ئەم نەخۆشیە دەستنیشان دەکرێت، واتا چۆن دەزانرێت کەسێک منالّدانی سورِاوە؟
پاش بونی ئەو نیشانانەی باسمان کرد، بە رێگەی پشکنینی (سۆنار)ەوە دلّنیا دەبینەوە لە بونی حالّەتەکە.

* چارەسەری ئەم نەخۆشیە چیە؟
چەند چارەسەرێک هەیە کە هەریەکەیان بە گوێرەی حالّەتەکان دەگۆڕێن، لەوانە: دەتوانرێت نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت بۆ جێگیرکردنی منالّدان لەشوێنی خۆی، یاخود هەندێک چارەسەری تر بگیرێتەبەر لەکاتێکدا حالّەتەکە سوک بو.

*کەواتا ژنان چۆن دەتوانن خۆیان لەم نەخۆشیە بپارێزن؟ رێنماییت بۆیان چیە؟
سێ خالّ وەکو رێگەی خۆپارێزی و رێنمایی دەخەمەرِو:
١. داواکارم وەرزش بکەن، وەرزش زۆر بەسودە بۆ ئەم نەخۆشیە و رۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ توشنەبون و چاکبونەوەش.
٢. قورسایی بە هیچ شێوەیەک هەڵنەگرن، بەتایبەت ئەوانەی توشی نەخۆشیەکە بون یان نیشانەیان تێدا دەرکەوتوە.
٣. لەکاتی دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی تایبەتن بەم نەخۆشیە، بە زویی سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن و پشکنینی پێویست ئەنجام بدەن بۆ دلّنیابونەوە لە بونی حالّەتەکە و هەروەها چارەسەرکردنیان لە کاتێکی زوتر دا.

# بەردی زراو...
# ئەو نەخۆشیەی ژنان زیاتر لە پیاوان توشی دەبن

▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

**رەنگە زۆربەمان ناوی بەردی زراومان بیستبێت و وەکو نەخۆشیەکی زانراو پێی ئاشنا بین، بەڵام رەنگە وردەکاریی ئەم نەخۆشیە و هۆکارەکانی دروست بونی نەزانین.**

بەردی زراو یەکێکە لە نەخۆشیە بڵاوەکان، بەتایبەتی لەناو ژناندا رێژەکەی زۆرترە، لەم بابەتەوە هەوڵ دەدەین زانیاریی بنەرِەتیی و پێویست لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە بەردەست بخەین.

زراو یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکان، کە بەهۆی دەردانی رژێنەکان خۆراک لە گەدەدا دەتوێنێتەوە و یارمەتیەکی بەهێزی جەستە دەدات بۆ ئەوەی بەخێرایی لە خۆراکە قورسەکان رزگاری ببێت و تێکیان بشکێنێت.

هەرچی بەردی زراوە کە لەناو تورەکەی زراو دا دروست دەبێت، لە بنەرِەتەوە بەرد نیە وەک ئەو بەردەی کە لە سروشت دا هەیە و پێی ئاشناین، بەڵکو ئەو مادە سەرەکیەی کە ئەم بەردەی لێدروست دەبێت، کۆلیسترۆڵە کە ئەویش لە بنەرِەتەوە بریتییە لە چەوری خوێن. بەشێوەیەک کۆلیسترۆڵ ٨٠٪ی پێکهاتەی بەردەکەیە، ٢٠٪ی دیکە، بەهۆی گۆرِانی هۆرمۆنات و پێکهاتەی دیکەوەیە.

نەخۆشی بەردی زراو لە ژنان دا زۆرترە لە چاو پیاوان، ئەوەش بەهۆی زۆریی رێژەی هۆرمۆنی (ئیسترۆجین) لە ژنان دا، یان بەهۆی ئەو حەپانەوە دەبێت کە بۆ رێگرتن لە سکپرِبونی ژنان بەکاردێت.

زۆربەی کات بەردی زراو هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی دروست ناکا

* نیشانەکانی بونی بەردی زراو
زۆربەی کات بەردی زراو هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی لە لەشی مرۆڤدا دروست ناکات، بەڵکو لە کاتی پشکنینی پزیشک بە رێگەی سۆنار بۆ نەخۆشیەکی دیکە، بەدی دەکرێت، بەڵام ئەگەر زراو هەو بکات یاخود بەردەکە دابەزێت، نەخۆشەکە هەست بە ئازار دەکات.

* هۆکارەکانی دروستبونی بەردی زراو
١. تێکچونی هاوسەنگی نێوان ئەو پێکهاتانەی ناو زراو، کەمکردنی پێکهاتەکان یاخود زیادکردنی.
٢. ئەو کەسانەی خوێنیان تێکدەشکێت، بۆ نمونە ئەو کەسانەی نەخۆشی تالاسیمایان هەیە.
٣. پاش نەشتەرگەری گەدە، ئەوانەی گەدەیان بچوک دەکەنەوە.
٤. ئەو کەسانەی قەڵەون و ئەوانەی رێژەی کۆلیسترۆڵیان زۆرە.
٥. بۆ ماوەیی.
٦. بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشی بەردی زراو لەو کەسانە دروست دەبێت کە تەمەنیان لە سەروی (٤٠) سالّیەوەیە.



* چارەسەری بەردی زراو
لە کۆندا دەرمان بەکار دەهات بۆ چارەسەری بەردی زراو، کە حەپێکە، لە ئێستاشدا بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروی ٨٠ سالّیەوەیە و بەرگەی نەشتەرگەری ناگرن، بەکاردێت. بەڵام بەگشتی بەردی زراو بە رێگەی نەشتەرگەری یاخود نەشتەرگەریی هەناوبینی «ناظور» چارەسەر دەکرێت.

* خۆپاراستن لە توشبون بە بەردی زراو
١. خۆ دورخستنەوە لە خواردنی زۆر و قەڵەوی.
٢. لەسەرخۆ دابەزاندنی کێش.
٣. خواردنی زۆری ئاو و شلەمەنی و سەوزە و میوە.
٤. کەمکردنەوەی خواردنی گۆشت و چەوری.
٥. وەرزشکردن.

# بۆ جوانکاریت ئەم 6 خاڵە پشتگوێ مەخە



■ نەوژین

**ئەگەر بە ژمارەش لە کۆتایی وەرزی هاوین نزیک بوبێتینەوە، بەڵام لە گەرمیانی لای خۆمان هێشتا کەشوهەوا هاوشێوەی هاوینە و کەش هەر گەرمە، گەرمای بە تینیش بەوەناسراوە که لە هەرە دژ و جێ مەترسیەکانی پێستە.**

بۆیە پێویستە لەسەر ژنان کەوا گرنگییەکی تایبەت بە پێستیان بدەن و ئەم ڕێگا و شێواز و هەڵانەی کەلە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین و لە وێبسایتی (rougemagz) وەرمانگرتوە، رەچاو بکەن و ئاگایان لێی بێت.

١. بەکارهێنانی دژەخۆر

دژەخۆر لەو بابەتە بنەڕەتی و گرنگانەیە کە پێویستە ژنان لە وەرزی هاویندا بەکاری بێنن، بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر روخساریان دوربخەنەوە.
واباشە نیو کاتژمێر پێش دەرچون و بەرخۆر کەوتنت، دژە خۆر لە روخسارت بدەی، هەروەک رەچاوی جۆری دژە خۆرەکانیش بکە، چونکە ئەوانیش نمرە و شێوازیان هەیە، ئەگەر مانەوەت لەبەر خۆر نزیک دەبێتەوە لە ساعاتێک، ئەوا واباشە دژەخۆری (+٥٠) بەکاربهێنیت.
لەگەڵ ئەمەشدا بەکارهێنانی کڵاو و شەپقە گرنگە بۆ دروستکردنی سێبەر بۆ روخسار.
لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەوە بزانن لە کاتەکانی ١٠ی بەیانی بۆ ٣ی نیوەڕۆ، کاتەکانی ترۆپکی گەرمایە، بۆیە لەم کاتانەدا واباشە خۆمان نەدەینە بەر خۆر.
خاڵێکی تر کە گرنگە رەچاو بکرێت، ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کێشەی کەمی ڤیتامین (D)یان هەیە و پزیشک رێنماییان دەکات خۆر لێیان بدات، ئەوا دژە خۆر بەکارنەهێنن.

٢. ئاگات لە شێدارکردنەوە بێت

شێدارکردنەوەی پێست لەرێگەی ئەو کەرەستانەی کە شێدارکەرەوەن «مرطب»، یەکێکە لە کارە پێویستەکان.
باشترین کاتیش بۆ شێدارکردنەوە، ئەوکاتانەیە کەلە گەرماو دەردەچین دوای خۆشتن، بەشێوەیەکە پێست نەرم و ئامادە دەبێت بۆ ئەو کەرەستانە و سودیشی زۆر لێدەبینێت.
شێداربونی پێست لەهاوین و وەرزە گەرمەکان دا، لە پێویست ترین کارەکانە.

دژەخۆر لەو بابەتە بنەڕەتی و گرنگانەیە کە پێویستە ژنان بەکاری بێنن

ڤیتامین سی لە ڤیتامینە گرنگ و دۆستەکانی پێستە

٣. نا بۆ سابون

واباشە خۆت لە بەرکارهێنانی سابون بۆ شتنی دەموچاو و پاککردنەوەی لە ماکیاژ بەدور بگری، چونکە سابون دەبێتە هۆی وشککردنەوەی پێست بە رادەیەکی زۆر، بۆیە واباشە پاککرەوەی دیکە بەکاربێنیت کە گونجاو بێت لەگەڵ پێستت دا.

٤. ئاو واتا ژیان

هیچ شتێک وەک کەمئاویی و وشکبونەوە خراپتر نییە بۆ پێست و روخسار، بەوپێیەش لە هاویندا زیاد لەهەر شتێک پێویستیمان بە ئاوە، بۆیە گرنگە بەشێوەیەکی بەردەوام ئاو بخۆینەوە.
دەشتوانین بۆ ئەوەی ئاوەکە سودی زیاتر بێت، لیمۆ و پرتەقاڵ و زەنجەفیلی تێکەڵ بکەین، خۆ ئەگەر بەردەستیش نەبون، ئەوا خودی ئاوەکە بەسە بۆ پاراستنی لەش و پێست لە وشکبونەوە.

٥. خواردنی تەندروست بخۆ

ناکرێت خواردنی ناتەندروست بخۆیت و چاوەڕێی پێستی جوان و تەندروست بکەی، چونکە هەمو ژەم و خۆراکێک کاریگەریەکانی وەکچۆن بەسەر بەشە جیاوازەکانی جەستەوە دەردەکەوێت، ئاواش بەسەر روخسارەوە.
واباشە لەم وەرزەدا جەختی زۆر لە خواردنی سەوزە و میوە بکەیتەوە، ئەوان بەهۆی پێکهاتەکانیان و بونی شلەی پێویست تیایاندا، رۆڵی زۆریان هەیە لەوەی روخسار و پێست جوان و رەونەقدار دەربکەون.

٦. ڤیتامین سی رزگارکەرە

ڤیتامین سی لە ڤیتامینە گرنگ و دۆستەکانی پێستە، بۆیە خواردنی ئەو خۆراک و میوانەی کە ئەم ڤیتامینەیان تێدایە گرنگە، هەروەک بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەشی کە لە پێکهاتەیان دا ئەم ڤیتامینە هەیە، سودی زۆرترە.
بۆیە لەکاتی کڕینی کرێمە جیاوازەکان بۆ روخسارت، واباشە ئەوانە بکڕیت کەوا ڤیتامین سی لە پێکهاتەیاندا هەیە، چونکە ڤیتامین سی رۆڵی هەیە لە بزواندنی مادەی کۆلاجین لە لەشدا، کە ئەمیش مادەیەکی بنەڕەتییە لە درەوشانەوە و رەونەقدارکردنی پێست و روخسار دا.

# یەکەم ژنە پارلەمانتار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

■ نەوژین

**یەکەم کچ بوە کە لەبەر ئەوەی خوێندنگەی کچان نەبوە، لەگەڵ کوڕاندا خوێندویەتی، هەروەک یەکەم ژن بوە لە وڵاتەکەی دا کە لەسەر کاری سیاسی خراوەتە زیندان، هەروەک یەکەم ژنیش بوە کە بوەتە پارلەمانتار لە مێژوی وڵاتەکەی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا.**



فاتیمە ئەحمەد ئیبراهیم، ژنە سیاسەتوان و پارلەمانتاری سودانی، لە بەناوبانگترین ژنانی سیاسیە لە مێژوی نوێی ئەو وڵاتە و ناوچەکەش دا.
ئەو لەساڵی ١٩٣٢ لەدایکبوە، بەوهۆیەی لە خێزانێکی خوێندەوارەوە سەرچاوەی گرتوە، هەربۆیە لە خوێندن بێەش نەکراوە، تەنانەت کاتێک بەهۆی نەبونی خوێندنگەی تایبەتەوە کچان نەیاندەتوانی درێژە بە خوێندن بدەن، ئەو لە قوتابخانەی کوڕاندا بەردەوام بوە لە خوێندن.
هەر لە قوتابخانەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و رێکخراوەیی دەبێت، بەشداریێکی چالاکی شۆڕش و راپەڕینەکانی ئەو وڵاتەی کردوە، چ دژ بە داگیرکەرانی بیانی و چ دژ بە دیکتاتۆر و سەرۆکە ناوخۆییەکان، لەسەر ئەمەش زۆرجار روبەڕوی ئەشکەنجە و ئازار و گرتن و راوەدونان بوەتەوە، بەشێوەیەک یەکەم ژنە سیاسی بوە لەو وڵاتە کەلە ساڵی (١٩٧١) بەهۆی کاری سیاسییەوە خراوەتە زیندان و هاوسەرەکەیشی لەسێدارە دراوە.
لەساڵی ١٩٥٢ دا رۆڵی بەرچاو دەبینێت لەگەڵ ژمارەیەکی ژنی دیکەی چالاک دا و یەکەمین یەکێتی تایبەت بە ژنان لەسەر ئاستی وڵاتەکە پێکدەهێنن، ئەمەش لەپێناو برەودان بە مافەکانی ژنان لەو وڵاتە و یەکخستنی هەوڵەکان لەو روەوە.
هەر لەو ساڵانەدا پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی سودانەوە دەکات، پاش ماوەیەکی کەم دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی.
لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان دا زۆرجار ئاین دەکرێتە بیانو بۆ چەوساندنەوەی ژنان و رێگەنەدان بە هاتنە پێشەوەیان، بەڵام (فاتمە) بە پشت بەستن بەو خوێندنەوە و بەدواداچونانەی کە بۆ مێژو کردویەتی، رایەکی پێچەوانەی هەیە و وایدەبینێت: «ئیسلام هەرگیز ژنی نەچەوساندوەتەوە، دژی تێکەڵبونی ژن و پیاو نییە و دژی هاتنە دەرەوەی ژنانیش نییە».
گرنگترین وێستگەی ژیانی (فاتیمە)، ئەو کاتەیە کەدەبێتە ئەندامی پارلەمانی وڵاتەکەی لەساڵی ١٩٦٤، بەمەش دەبێتە یەکەم ژن لە مێژوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەچێتە پارلەمانەوە.
چالاکیەکانی چ لە روی سیاسی و چ لە روی رێکخراوەییەوە بەردەوام دەبێت هەتا ساڵی ٢٠١٧ کە کۆچی دوایی دەکات، لەم ماوەیەدا زیاد لە بەرپرسیارێتیەکی پێسپێردراوە، لەوانە: سکرتێری یەکێتی ژنانی دیموکراتی جیهان، هەروەک چەندین کتێبی لەبارەی ژن و سیاسەتەوە نوسیوە، کە هەندێک لەوانە گێڕانەوەی ئەزمونی خۆی بوە.
لەبەرامبەر ئەم کارانەیشی دا، (فاتیمە) چەندینجار خەڵاتکراوە، لەوانە: خەڵاتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ مافی مرۆڤ، دکتۆرای فەخری لە زانکۆی کالیفۆرنیا و خەڵاتی ئیبن روشد بۆ فیکری ئازاد.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# (نەوژین) خەڵاتی (وەدات) بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بەدەستدێنێت



■ نەوژین

**یەکێک لە دو خەڵاتەکەی مەراسیمی سێیەمین خەڵاتی شەهیدی ڕۆژنامەنوس (وەدات حسێن) بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، دەبەخشرێتە ڕۆژنامەی (نەوژین).**

ڕۆژی ١٨ی ئاب، لە شاری سلێمانی، مەراسیمی دابەشکردنی «سێیەمین خەڵاتی (وەدات) بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی» بەڕێوەچو، ئەمەش دوای ئەوەی وەک ڕێکخەرانی مەراسیمەکە ئاشکرایان کرد، هێزە ئەمنیەکانی سەر بە پارتی و یەکێتی ڕێگەیان نەداوە مەراسیمی ساڵیادی تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنوسە ئەنجام بدرێت، هەربۆیە بەناچاری مەراسیمەکەیان بچوک کردەوە بۆ بەخشینی خەڵاتی ئەمساڵی وەدات حسێن بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە بینای ئاژانسەکە لە سلێمانی.

خەڵاتی ئەم ساڵ بەخشرایە دو لایەنی ڕۆژنامەوانی، یەکەمیان ڕۆژنامەی (نەوژین) لە گەرمیان، دوەمیشیان تیمی کەناڵی (NRT) لە بادینان.

لە بارەی بەخشینی خەڵاتەکە بە ڕۆژنامەی (نەوژین)، ڕێکخەرانی مەراسیمەکە ئاماژەیان بەوەکرد کە ڕۆژنامەی نەوژین تاکە ڕۆژنامەی تایبەتمەندە بە ژنان لە سنوری گەرمیان و سەرجەم ستافەکەی ژنن و لەخۆبوردوانە کاری ڕۆژنامەوانیی ئەنجام دەدەن، هەربۆیە بە شایستەی پێبەخشینی خەڵاتەکەیان زانیوە.

هەر لە مەراسیمەکەدا سێیەمین خەڵاتی (وەدات) بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لەلایەن دایکی شەهید وەداتەوە بەخشرایە ڕۆژنامەی (نەوژین) و لەلایەن (زریان محەمەد) ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژنامەکەوە خەڵاتەکە وەرگیرا.

وەدات حسێن، ڕۆژنامەنوسێکی گەنجی بادینان بو و لە ئاژانسی (ڕۆژنیوز) کاری پەیامنێریی دەکرد، ڕۆژی ١٣ مانگی ئابی ٢٠١٦، لە پاش ڕفاندنی لە شاری دهۆک، لە ڕێگەیەکی دەرەکی پاش ماوەیەک بە کوژراویی تەرمەکەی دۆزرایەوە کە ئاسەواری ئەشکەنجەی پێوەبو، بە وتەی کەسوکارەکەیشی، لەو کاتەشەوە تائێستا دۆسیەکەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی تێدا ئەنجام نەدراوە و هیچێک لە بکەرانی تاوانەکە ئاشکرا نەکراون.

ڕۆژنامەی نەوژین، ڕۆژنامەیەکی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی، لە گەرمیان مانگانە بڵاویدەکاتەوە و سەروی (١٥) کچی ڕۆژنامەنوس کاری تێدادەکەن، یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ بڵاوکرایەوە و تائێستاش (٣٣) ژمارەی لێدەرچوە.

ڕادیۆی دەنگ، ڕادیۆیەکی کۆمەڵگەیی ئەهلی ئازادە لە گەرمیان، لەساڵی ٢٠١٠ لە کەلار بە دروشمی «ڕادیۆیەکی ئازاد بۆ خزمەتی ئازادیی» دەستی بە پەخش کردوە.




## وتاری ڕۆژنامەی (نەوژین) لە مەراسیمی وەرگرتنی خەڵاتی شەهید وەدات حسێن

ئامادەبوانی بەڕێز، هەمولایەکتان بەخێر بێن..

ئەمڕۆ بۆنەیەکی ناخۆشە کە ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوسێکی گەنج و بوێر و دڵسۆز و پڕ لە هیوا دەکەینەوە، لەوەش ناخۆشتر، سێ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەو تاوانە و هێشتا نە ئەنجامدەرانی ئاشکرا کراون، نە دۆسیەکەش ڕێڕەوێکی یاسایی دروست و شایستەی گرتوە. لەسەروی هەمو ئەمانەشەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە تەنانەت دەسەڵات هێندە بێباکە ڕێگە بە ئەنجامدانی مەراسیمی ساڵیادی تیرۆرکردنەکەشی نادات، ئەمەش دەریدەخات دۆخی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێک دایە.

ئامادەبوانی بەڕێز، ڕێکخەرانی مەراسیم..

بۆ ئێمە دەبێتە شەرەفێکی گەورە کە خەڵاتی ئەمساڵی شەهیدی ڕۆژنامەنوس (وەدات حسێن) بدرێت بە ڕۆژنامەکەمان، ئەم خەڵاتە دڵخۆشمان دەکات بەوەی بایەخی ڕۆژنامەکە و هەوڵ و ماندوبونی ستافەکەی به هەند وەرگیراوە، بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەیەکی وەکو ئێمە ئازاد و لە کۆمەڵگایەکی وەکو گەرمیان کە پڕە لە ئالەنگاریی سیاسی و کەلتوریی و کۆمەڵایەتی.

هەروەک ئەم خەڵاتە هاندەرمان دەبێت بۆ ئەوەی سورتر بین لە بەردەوام بون لە کایەی ڕۆژنامەوانی و بەرەودان بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان بەتایبەتی، هەروەک دەشمانخاتە ژێر بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و پیشەیی ڕۆژنامەوانیەوە، بۆ ئەوەی چالاکتر لە مەیدانەکەدا ڕۆڵمان هەبێت.

جارێکی تر سوپاستان دەکەین بۆ بەخشینی ئەم خەڵاتە بە ڕۆژنامەکەمان، سەری ڕێز لە ئاست هەمو شەهیدانی ئازادیی و بەتایبەت شەهیدانی قەڵەم و قوربانیانی کەلتوری چەوتی نێرسالاریی دادەنوێنین.

ڕۆحی (وەدات) شاد بێت.